دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٢٩، هەینی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، ١٣ی جولای ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com

**بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی شەهیدانی ڤییەن بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران؛ لە لایەن دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستانەوە وێڕای سەردانەواندن بۆ مەزنایەتی بلیمەتی گەل، دوکتور قاسملوو و نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ڕێبازی پڕ سەروەریی، فایلێکی تایبەت بە شەهید قاسملوو دەخەینە بەر دیدی خوێنەرانی خۆشەویستی کوردستان.**




ئێران، سوسیالیزمی دێموکراتیک و خەباتی... ٤



سێ قۆناغ لە فکری سوسیالیستیی قاسملوودا ٦



جوغرافیای کوردستان لە دیدی دوکتور قاسملووەوە ٨



وتووێژی کوردستان: دوکتور قاسملوو ١٠





پەیڤ

## » پەیامی هەتاو

### کەریم پەرویزی

نووسین و لێدوان لە سەر ڕێبەرێکی گەورە و بلیمەتی وەک دوکتور قاسملوو، بوێرییەکی زۆر دەوێ. بلیمەتێک کە نەتەنیا ڕێبەری بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەکەی بوو و ڕێبەرایەتیی کاروانی کوردستان بەرەو گەیشتن بە ئازادیی دەکرد، بەڵکوو هەرچی ساڵ و دەیە تێدەپەڕێ، زۆرتر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی شۆڕشگێڕانەی بەرچاوتر دەبێ و ڕەهەندە قووڵەکانی تێفکرین و هزرەکانی زیاتر لەهەموو کات دروستی و وردبینیان دەسەلمێندرێن و تازەتر لە ئەمڕۆ دێنە بەرچاو.

پەیڤێک دەتوانێ خۆی لە قەرەی بیر و هزری قاسملووی ڕێبەر بدا کە لانیکەم لەو ئاستە زانایی و خوێندەوارییەدا کە ئەو هەیبوو، خوێندبێتیەوە و تێ گەیشتبێ. ئەمەش بەمانای ئەوە نییە کە هیچ کەس نابێ بیر لە هیچ شتێک بکاتەوە کە دوکتور قاسملوو باسی نەکردبێ و بیری لێ نەکردبێتەوە، یان دەبێ ڕێک بەو شێوازە تێفکرین و دەربڕینمان هەبێ کە ئەو هەیبووە.

شتێکی سروشتییە کە ژیان دەچێتە پێش و کۆمەڵگاش دەگۆڕدرێ و پارامێترە جیهانی و ناوچەییەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ، بۆیە ئەوە بە دوای ئەوە پێویستە کە نەتەوەیەک دووبارە و دووبارە خۆی و ئەو دۆخەی تێدایە و ئاواتەکانی و میکانیزمەکانی گەیشتن بەو ئاواتانەی بخوێنێتەوە و هەوڵ بدا ڕێگای دیکە بدۆزێتەوە، یان ڕێگا کۆنەکان چاکسازیی تێدا بکات و ئەمڕۆییان بکاتەوە.

بەڵام ئەوەی لەم چەند دێڕەدا دەمەوێ بیڵێم، دووان لەسەر بیری قاسملوو نییە، چوونکە ئەو بوێرییەم نییە کە خۆم لە وەها کانگایەکی گەورەی هزری بدەم، بەڵکوو تەنیا ئەوەندەیە کە ئێمە نەوەکانی دوای قاسملووی ڕێبەر، کاتێک گوێ لە قسەکانی دەگرین و کردەوە و خەبات و ژیان و شۆڕشی دەخوێنینەوە ئەرکمان چیە؟

ئایا تەنیا وەکوو ڕووداوێکی مێژوویی چاو لە هەڵوێست و کردەوەکانی بکەین و بە شتێکی ببینین کە تێپەڕیوە و ئەسپێردرا بە مێژوو یان دەبێ ڕێک هەمان کردار ئەنجام بدەینەوە و دووپاتەی هەمان هەڵوێست و هەڵسوکەت بکەینەوەو لە ڕاستیدا تەنیا کۆپیی نارێکی کردارەکانی بکەین؟

ئەوەی بیری لێ دەکەمەوە بریتییە لەوەیکە نەوە و ڕۆڵەکانی ئەمڕۆ و ڕەنگە بۆ سبەیش وابێ، کە دۆخی ژیان و شۆڕش و بزاڤی نەتەوەکەمان چاو لێ دەکەین، ڕێبەرێکی بلیمەت و گەورەی وەکوو دوکتور قاسملوومان لەبەرچاوە و وتەکان و هەڵوێستەکانی ڕێنوێنی کار و چالاکیمانە، ئەرکمانە کە لە تەوەرە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: پێشوازی لە ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا دەکەین

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوو توێی ڕاگەیەندراوێکدا پێشوازی خۆی بۆ هەوڵی نوێی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا سەبارەت بە کەیسی تێرۆری دوکتوور قاسملوو ڕاگەیاند.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازی لە ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە تیرۆری د.قاسملوو لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران دەکا کاتێک لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی، ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێ لەگەڵ عەبدوڵلا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئورووپا، لە سەر داوای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە بۆ دابینکردنی ویست و داخوازە دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد لە ئێران، لە شاری ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئۆتریش لەگەڵ هەیئەتی دیپلۆمات تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژدا بوون، کەوتنە بەر دەسڕێژی گوللەی ئەو هەیئەتە و بەدەستی ئەوان و بە ئەمری سەرانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کران و گیانیان لەدەست دا. هەر ئەوکات دەوڵەتی ئۆتریش بە بێ لێکۆڵینەوە لەو تاوانە تیرۆریستییە، هەیئەتەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە ئیسکۆرت بەرە فرۆکەخانە و لەوێوە بەرەو تاران بەڕێ کردنەوە.

دوای تێپەڕبوونی ٢٩ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە زمانی برایان هۆک، بەڕێوەبەری پلاندانانی ئەو وەزارەتەوە بە شێوەی ڕەسمی رایگەیاند:

"ئەم مانگی ژووئیەیە، ٢٩ ساڵ بەسەر ڕووداوێکدا تێدەپەڕێ کە مەئموورە ئێرانیەکان، لە ڤییەن لەژێر پۆششی دیپلۆماتیکدا ڕێبەری ڕێکخراوێکی کوردی جودابیر و دوو کەسی دیکەیان لەگەڵی تیرۆر کرد."

هەروەها وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە پێگەی فەرمیی خۆی لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت، بەڵگەیەکی بڵاو کردۆتەوە کە شوێنی کردەوە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی لە جیهان نیشان دەدات و لەو بەڵگەیەدا ڕووداوی تیرۆریستیی ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ی ئاماژە پێداوە کە دوکتور قاسملوو لەگەڵ دوو کەسی دیکە، لە ڤییەن بە دەستی مەئمورە دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کران.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە کاتی بەڕێوە چوونی ئەو کردەوە تیرۆریستیە، بەپێی ناسیاریەکی دروست کە لەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیبوو و هەروەها کردەوە تیرۆریستەکانی دیکەی ڕێژیمی تاران، کە لە وڵاتانی ئورووپایی ئەنجامی دابوون، ئاماژەی بە ڕێژیمی تاران وەک بڕیاردەر و بکەری تیرۆری ڤییەن کرد، بەڵام بەهۆی ئەوەیکە تاوانباران گەیەندرابوونە تاران، هاواری ئەم حیزبە دەنگدانەوە و بەهاناهاتنەوەیەکی نەبوو، بەڵام ئێستا کە ئەو ڕاستییە بۆ دەوڵەتی ئەمریکا روون بۆتەوە و لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی خۆی، کۆماری ئیسلامی وەک بەڕێوەبەری ئەو تیرۆرە رادەگەیەنێ، ئێمە پێشوازی لەو هەڵوێستەی دەوڵەتی ئامریکا دەکەین و پشتیوانیی لێ دەکەین.

هەروەها لەم کاتەدا پێویستە رابگەیەنین کە ئەوا بۆ جارێکی دیکە، وڵاتانی ئورووپایی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خەریکی وتووێژن، پێویستە کە وەک ئەرکێکی مرۆیی و ئەخلاقی و بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیانیش بووبێ، هەموو تاوانە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت تیرۆری ڤییەن لە پەروەندەی دانوستانەکانیان بخەنە بەرباس، چوونکە ڕێژیمی تاران قەت دەستی لە تیرۆر و کردەوەی تیرۆریستی هەڵنەگرتووە و بێدەنگی لە کردەوەکانی تەنیا هانی دەدا بۆ درێژەدان بەو کارە. هەروەک لەم رۆژانەدا بینیمان کە هەوڵی تیرۆریستیی دیکەی لە ئورووپا داوە و چەند تیرۆریستی سەر بەو ڕێژیمە لە بێلژیک گیراون و بەناو دیپلۆماتێکی دیکەی لە ئاڵمان دەسبەسەر کراوە و دیپلۆماتەکانی دیکەی لە هۆڵەند دەرکراون.

ئەمانە دەیسەلمێنن کە سەرەکیترین ڕێگای بنبڕکردنی تیرۆریزم لە جیهاندا و وشککردنی ریشەی تیرۆر، تەنیا بە نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکرێ. هەموو هەوڵەکان بۆ گۆڕینی ڕەفتار و سیاسەتی ئەو ڕێژیمە تەنیا زەحمەتێکی بێئاکامە و تەنیا ڕەنج و هەزینەکانی خەڵکی ئێران و ئازادیخوازان و نەتەوەکانی ئێران زیاتر دەکا. هەر وەک لە چل ساڵی رابردوودا هەموو هەوڵێک بۆ گۆڕینی سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی بێئاکام بووە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێری**
**١٨ی پووشپەڕی ١٣٩٧**
**٩ی ژووئیەی ٢٠١٨**

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بێهەڵوێستیی دەوڵەتی ئۆتریش مەحکووم دەکەن



ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویان کردەوە، کە وڵاتانی بەرپرس و بەتایبەت وڵاتانی ئورووپایی، پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی تاران و تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەو ڕێژیمە بۆ بەرژەوەندیی کورتخایەن نەخەنە پشتگوێیەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

ڕاگەیێندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٩مین ساڵیادی تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەندا.

کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی و کۆمەڵگای سیاسیی کوردستانی ئێران بەتایبەتی، یەکێک لە قوربانییەکانی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران لە دژی کوردستان، لە ساڵی ١٣٥٨ و لە دادگا چەند چرکەییەکانی سادق خاڵخاڵییەوە دەستی پێ کردووە و هەتا ئێستاش گەورەترین مەترسی لەسەر چالاکانی سیاسیی کوردستانی ئێران هەمان تێرۆریزمی نێودەوڵەتییە کە لە مێتۆدە نەگۆڕەکانی دەسەڵاتی تارانە.

لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا لە ڕێگەی جۆراوجۆر لە درێژەی هەمان سیاسەتی تێرۆریزم هەوڵی لەخشتەبردنی کۆمەڵگای کوردستان دراوە و هاوکات بە سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و سازمانی خەبات و کۆمەڵە و باقی هێز و لایەنە سیاسییەکان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی تێرۆری ئاخوندەکانی ئێران و تێرۆری فیزیکی کراون. هەموو ئەو تاوانە نەبەخشراوانە بە بەرچاوی جیهان کراوە و مخابن لە دونیای ساتوسەودای ئابووریدا ئەو جەنایەتانە دیزەبەدەرخۆنە کران و تاوانباران هەتا تاران ئیسکۆرت کران.

لە دەرکەوتەکانی گۆڕینی سیاسەتی ئامریکا لە ڕاست ئێراندا ئاماژەدان بە تێرۆری بەڕێزان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سەعید شەرەفکەندی بە دەستی دەوڵەتی ئێران لە لایەن بەرپرسانی باڵای ئامریکا بوو، کە ئەوەش دەکرێ وەک بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران قوربانیی دەستی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لێی بڕوانرێت.

قۆناغی ئێستا لەوانەیە باشترین دەرفەت بێ بۆ زیندووکردنەوەی هەموو کەیسەکانی تێرۆری تێکۆشەرانی سیاسی لە کوردستانی ئێران و بەتایبەتی تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان و هاوکات پێویستە و زەروورە بۆ بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، هەموو وڵاتانی بەرپرس لە بەرانبەر ئاسایشی جیهانیدا، بەتایبەتی وڵاتانی ئورووپایی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی تاران و تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ئەو ڕێژیمە بۆ بەرژەوەندیی کورتخایەن نەخەنە پشتگوێ و لەو چوارچێوەشدا بێدەنگی و بێهەڵوێستی هەتا ئێستە دەوڵەتی ئوتریش مەحکووم دەکەین .

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران و تێرۆری ڤییەن، تێرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی کوردستانی ئێران وەك دۆسییەیەکی کراوە سەیر دەکات و ئامادەیە لەگەڵ هەر دادگایەکی بێلایەن هاوکاری بکات، بۆ ئەوەی دۆسییەی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە دژی کوردستان لەو دادگایەدا تاوتوێ بکرێت و چیتر لە بێدەنگی جیهانیدا کەسایەتی و چالاکانی سیاسیی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێران تێرۆر نەکرێن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٠ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی**

# یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سمینارێکی بەبۆنەی ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو بەڕێوە برد



سمینارێک بۆ ناساندنی زیاتری بیرۆکەکانی دوکتور قاسملوو، لە بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ١٦ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە بەرەبەری ٢٩هەمین ساڵوەگەڕی کارەساتی تیرۆریستیی ڤییەن و ساڵیادی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیدا، سمینارێکی زانستی لە لایەن یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بە هاوکاریی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

ئەو سمینارە زانستییە کە لە دوو پانێل پێک هاتبوو، کاتژمێر ٥:٣٠ی ئێوارە بە کاتی باشووری کوردستان بە ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان لە پانێلی یەکەمدا دوکتور هەژار ڕەحیمی، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی لەمێژینەی یەکیەتیی خوێندکاران، باسێکی تێروتەسەلی لەسەر پێوەندیی نێوان ئەخلاق و سیاسەت لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە پێشکەش کرد.

بەڕێز ڕەحیمی لە وتەکانیدا وێڕای جەختکردنەوە لەسەر ئەو بنەما ئەخلاقییانەی کە دوکتور قاسملوو لە سیاسەتدا پێڕەوی کرد، ڕایگەیاند دوکتور قاسملوو فێری کردین کە وەک خۆمان بیر بکەینەوە و شارەزاییمان لە تیۆری و زانستەکانی سەردەم و دەوروبەر نەبێتە هۆی ئەوەی کە بە تەواوی بکەوینە ژێر کاریگەریی ئیدئۆلۆژییە نامۆ و بێگانەکان و هەوڵ بدەین بە هەر نرخێک، ئەو فیکرانە لە کۆمەڵگای کوردستاندا تەتبیق بکەین، هەر بۆیە سوسیالیزمی دێموکراتیک لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە نەک ئیدئۆلۆژییەکی چەقبەستوو، بەڵکوو بەرنامەیەکی پراگماتیستییە کە دەبێ بە گوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵگای کوردستان خوێندنەوەی بۆ بکرێت و هەوڵ بۆ سەرخستنی بدرێت.

لە پانێلی دووهەمدا، بەڕێز زانیار بەهاری، ڕاوێژکاری دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی خوێندکاران، باسێکی زانستیی لەسەر بنەما سەرەکییەکانی هزر و ڕوانینی دوکتور قاسملوو پێشکەش کرد.

بەڕێزیان لە وتەکانیدا دێموکراسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و خەبات بۆ دابینبوونی مافی نەتەوایەتیی وەکوو سێ کۆڵەکەی سەرەکیی هزری دوکتور قاسملوو ناساند و جەختی لەوە کردەوە کە لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە ئەو سێ تەوەرە تەواوکەری یەکترن و خەبات بۆ دابینبوونی هەرکام لەو ئامانجانە نابێ بکەوێتە ژێر سێبەری ئەوانی دیکە.

لە کۆتایی هەرکام لە پانێلەکاندا بەشداربووانی سمینارەکە، سەرنج و تێبینی و پرسیارەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ تەوەرەکانی سمینار ئاراستەی بەڕێزان هەژار ڕەحیمی و زانیار بەهاری کرد کە پرسیارەکان دواتر لە لایەن بەڕێزانەوە وەڵام درانەوە.

# هەڵمەتێکی تویتێری بۆ لەقاودانی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران بەڕێوە چوو




بۆ زیاتر ناساندنی دۆسییەی تێرۆری دوکتۆر قاسملوو، بە ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتی و بیروڕای گشتیی دنیای دەرەوە و لەقاودانی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران، هەڵمەتێکی تویتێری بەڕێوە چوو.

بە بۆنەی ٢٩مین ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە وڵاتی ئوتریش بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ لەسەر ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٢ لەسەر ١٣ی ژووئییەی ٢٠١٨ی زایینی، لەم کاتە دیاریکراوانەی خوارەوەدا هەڵمەتێکی هاوبەشی توویتێرییان بەڕێوە برد.

ماوەیەک پێش، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، لە بارەی دۆسییەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە وڵاتی ئوتریش چەند بەڵگەی ئاشکرا و داوای لە کۆمەڵگای جیهانی کردووە، پێش بە سیاسەتی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران بگرن.



# کوردستان لەگەڵ ڕێبازی قاسملوو پەیمان نوێ دەکاتەوە



تێکۆشەرانی دێموکرات لە زۆربەی شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان، بۆ ڕێزگرتن لە ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، بە شێوەی جۆراجۆر چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد؛ ئەوەیکە لێرەدا دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست بەشێکی لەو چالاکییانە:

پیرانشار

دوڕگەی سەر پردێ، داش دوڕگە، دوڕگەی ئەرەسخان و سێڕێیانی محەممەدیار

ورمێ

شاری سیلوانا، گوندی نێرگی، سێڕێیانی ڕاژان و گۆجار

گوندی نێ

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە گوندی "نێ"ـی قارەمان، بۆ ماوەی ٢٥ خولەکێک لە بلێندگۆی مزگەوتی گوندی نێ، دەنگی شەهید دوکتور قاسملوو، سروودی "ئەی ڕەقیب" و سروودی شۆڕشگێڕییان بڵاو کردووەتەوە، کە ببووە هۆی خۆشحاڵی خەڵک.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بانە، تراکت و وێنەی تایبەت بە٢٢ی پووشپەڕیان بڵاو کردووەتەوە.

هاوکات ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری مەریوان، لە شوێنەکانی وەک ئیدارەی بێهزیستی و بێهداشت دروشمیان نووسیوە و وێنەی تایبەت بە ساڵڕۆژی شەهیدانی ڤییەنیان بڵاو کردووەتەوە.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە "ژاوەرۆی سنە"ش، لە گوندی "هوویە" و "گەلێن" وێنە و تراکتی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاو کردووەتەوە و تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان مەحکووم کردووە.

قارەمانانی دێموکرات، هەروەها لە شاری نەغەدە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردووەتەوە.

هاوکات لە شاری مەهاباد ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە "تاقەدار، پارکی میللەت، ئازادگان، نزیک تێرمیناڵی گەورە، تەپەی قازی، گەڕەکی کەروێشکە، مەیدانچەی حەسەنزادە، حەوشەی نەخۆشخانەی مەهاباد، شەقامی پەرستار، باغی شایەگان و بەری شیلانان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

هەر بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە شاری شنۆش، لە گوندەکانی "حەسەنووران، پرداوێ، گوندەوێڵە و ڕێگاکانی نێوان گوندەکانی ئەو شارە وێنە و پۆستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ بڵاو کراوەتەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەقزیش، لەم گەڕەکانە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە: کەریماوا، تەپەی شافێعی، نەشمیلان و بلواری حافز.

هەروەها لە شارەدێی پەسوێی پیرانشار، یادی ٢٢ی پووشپەڕ بەرز ڕاگیرا و لایەنگرانی حیزب چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هاوکات ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پادگانی ئەرتەشی جەڵدیان، تیپی ١٦٤، هەڵکەوتوو لە سێڕێیانی شنۆ ـ پیرانشار بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی شەهیدانی ڤییەن، بە دروشمنووسین و نەخشاندنی ئاڵای کوردستان نەفرەت و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی ئێران دەربڕیوە.

لەو چالاکییەدا، دروشمی وەک: "قاسملوو قامووسێک بۆ ژیان"، "ڕاسانەوە، دەسپێکی گەشەی سیاسی"، "بژی ڕاسان"، "قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە"، "دوکتور قاسملوو وانەیەک بۆ خەبات و وانەیەک بۆ ڕابردوو" نوسیووە.

هاوکات ئاڵایەکی گەورەی کوردستانیان لە پۆلەکانی وانەوتنەوەی دەرسی نیزامی لەو پادگانە نەخشاندووە.

# پێشمەرگەی شاخ لە پووشپەڕی زام پەیمانی وەفای نوێ کردەوە




یاد و ڕێبازی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە چیاکانی کوردستان لە ساڵوەگەڕی تێرۆرکرانی بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئێران بەرز و بەڕێز ڕاگیرا.

هێزی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان بە بەڕێوەردنی ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ، ڕەستەی " قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە"یان سەلماند.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری کوردستان میدیا لە شاخ، ڕۆژی ڕابردوو لە بەرەبەرەی ٢٢ی پووشپەڕدا، ڕێوڕەسمی پێشمەرگەی هێزی تایبەتی ١١٥، لە یەکێک لە بنکەکانی ئەو هێزە لە چیاکانی ڕۆژهەڵات بە بەشداری کۆمەڵێک لە ڕێبوارانی ڕێبازی قاسملوو بەڕێوە چوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی پاکی سەرجەم شەهیدان حیزب و گەل بەتایبەتی شەهیدانی ڤییەن دەستی پێکرد و پاشان کورتەیەک لە ژیانی پڕ بەرهەمی کاک دوکتور قاسملوو لە لایەن کچە پێشمەرگەیەک خوێندرایەوە.

وتنەوەی سروودی "هەستەوە دوکتۆری زانا" بەشێکی دیکە ئەو ڕێوڕەسمە پێشمەرگەیانە بوو.

دواتر، چەند قسەیەک سەبارەت بە کەسایەتی و بیرمەندی ئەو ڕێبەرە بلیمەتە لە لایەن "غاڵب حەبیبی" کادری سیاسیی هێزی تایبەت پێشکەش کرا.

هەروەها لە نێوئاخنی بەرنامەکە، پارچە پەخشانێک لە وەسفی مەزنیی ڕۆحی قاسملوو خوێندرایەوە.

هەواڵنێری کوردستان میدیا ڕایگەیاند کە ڕاگەیێندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٩مین ساڵیادی تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەندا لەو ڕێوڕەسمە لە لایەن "ئەوین" یەکێک لە پێشمەرگەکانی حیزبەوە خوێندرایەوە.

دواتر ئاوازێکی بەسۆزی کورمانجی لەژێر ناوی "سڵاو شەهیدان" لەلایەن یەکێک لە پێشمەرگەکانی شاخ پێشکەش بە ڕێڕەوانی ڕێبازی قاسملوو کرا.

دوا بڕگەی کۆبوونەوەکە، بریتی بوو لە پەیمان نوێکردنەوەی پێشمەرگەی شاخ لەگەڵ ڕێبازی قاسملوو کە بە شێوەی سیمبۆلیک و بە چەند وێنە و وتەی دوکتۆر قاسملوو ڕازابوویەوە.

ئەو کۆبوونەوەیە لە ٢٩هەمین ساڵوەگەڕی تێرۆرکرانی ئەو ڕێبەرە مەزنەی کورد بە دەستی نێردراوانی ڕێژیمی خومەینی بەڕێوە چوو.

# ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان: تێرۆر و تێرۆریزمی دەوڵەتی مەحکوومە



ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان لە بەرەبەری ٢٩هەمین ساڵیادی تێرۆری ناجوامێرانەی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڤییەن لەلایەن دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و تێیدا ئەم کردەوە شەرمێونانەی مەحکووم کرد.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

تێرۆر و تێرۆریزمی دەوڵەتی مەحکوومە

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان پێی وایە داواکردنی مافە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کورد نانێژرێت.

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژێکە بۆ مەحکووم کردنی تێرۆر و تێرۆریزمی دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. لە وەها ڕۆژێکدا دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە کاتی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران و لە پشت مێزی وتوویژ لە ڤییەنی ئۆتریش کرایە ئامانجی کردەوەیەکی تێرۆریستی و وێڕای دوو هاوڕێی دیکەی شەهید کرا.

ناولێنانی ئەم ڕۆژە پێشنیاری ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان و بەڕێوەبەرانی لە ساڵانی ڕابردوودا بووە، ئەم ڕێکخراوە بە پێداگری لەسەر هەڵوێستە پێشووەکانی خۆی سەبارەت بە تێرۆریزم و شێوازەکانی بەتایبەت تێرۆریزمی دەوڵەتی و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی فیزیکی و تێرۆری تاکەکان و کەسایەتییەکان و دژبەرانی دەوڵەتی لە هەر شوێنێک و لە هەر کاتێکدا و بە هەر ئامانج و مەبەستێک، ڕادەگەیەنێت کە ئەم کردەوانە جێگەی پەسند نین و ڕەدکراوە و مەحکوومن.

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان وێڕای مەحکووم کردنی دووبارەی تێرۆری دوکتور قاسملوو، درێژەی تێرۆرەکان، ئێعدام یان زیندانی کردنی ڕێبەران و چالاکانی کۆمەڵگەی سیاسی و مەدەنی کوردستان، بە ئامانجی شاردنەوە و ناشتنی داواکارییە بنەڕەتییەکانی گەلی کورد بە بێ‌پاساو دەزانێت و پێداگری دەکاتەوە لەسەر دابین کردنی ئازادی و مافە دێموکراتیک و فیدراڵییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**٢١ی پووشپەڕی ١٣٩٧، ١٢ی جولای ٢٠١٨**
**ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان**

# ئامریکا پەردەی لەسەر کۆمەڵێک کردەوەی تێرۆریستیی ڕێژیمی ئێران لادا




وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، لە ڕاپۆرتێکدا چەندین کردەوەی تێرۆریستیی ڕێژیمی ئێرانی لە وڵاتانی ئورووپاییدا ئاشکرا کرد.

بەپێی ڕاپۆرتێک کە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بڵاوی کردووەتەوە، باس لە چالاکییە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتانی ئورووپاییدا، لە ساڵانی ١٩٧٩ هەتا ٢٠١٨ی زایینی کراوە.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە، کە ڕێژیمی ئێران مەرگ و نەهامەتی بۆ خەڵکی جیهان هێناوە، ئەو ڕێژیمە تەنیا لە ئورووپا بە کردەوەی تێرۆریستی گیانی چەندین کەسی ئەستاندووە و دەیان کەسیش بە هۆی پووچەڵکردنەوەی بۆمبەکانی ئەو ڕێژیمە بە سلامەت دەرچوونە.

وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لەو ڕاپۆرتەدا، ناوی ئەو وڵاتانەی کە ڕێژیمی کردەوەی تێرۆریستیی سەرکەتوو و ناسەرکەوتووی تێدا ئەنجام داوە، بڵاو کردووەتەوە.

وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، لە نێو کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێراندا، ئاماژەی بە تێرۆری میکۆنۆس و ڤییەن کردووە، کە لەو تێرۆرانەی ڕێژیمی ئێران دوو ڕێبەری کورد بە ناوەکانی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی و هەروەها دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئێران، لە دوو وڵاتی جیاوازی ئورووپاییدا تێرۆر کراون.

ڕۆژی دووشەممە ١١ی پووشپەڕ، برایان هووک، بەڕێوبەری پلاندانانی سیاسەتی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، لە دانیشتنێکی هەواڵدەریدا بە ئاماژەکردن بە سەفەری حەسەن ڕۆحانی، سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران بۆ سویس و ئۆتریش ڕایگەیاند: "بەو شێوەیە کە لە ڕاپۆرتەکاندا هاتووە، حەسەن ڕۆحانی سەردانی وڵاتی ئوتریش و سویس دەکات و لە هەوڵی پێکهێنانی هاوکاری لە نێوان وڵاتانی ئورووپایی و حکوومەتی ئێراندایە".

ناوبراو باسی لەوە کرد: "هاوکات سەردانی حەسەن ڕۆحانی بۆ ڤییەن لەم مانگەدا لە بەرەبەری ٢٩هەمین ساڵڤەگەڕی تێرۆری یەکێک لە دژبەرانی حکوومەتی ئێران لەژێر ناوی دیپلۆماسی، کە لەو تێرۆرەدا ڕێبەری حیزبێکی کوردی و جیابیری حکوومەتی ئێران و دوو کەسی دیکە تێرۆر کراون، جێگای سەرسووڕمانە!".

٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ٦٨ی هەتاوی، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لەگەڵ عەبدوڵڵا قادریئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ لەسەر مێزی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، بۆ چارەسەریی ئاشتییانەی پرسی کوردستانی ئێران، لە ڤییەن پێتەختی ئوتریش تێرۆر کران.

## درێژەی پەیڤ

گرنگەکانی بیرکردنەوە و وانەکانی رامێنین و لەسەر ئەساسی هەمان تەوەر بیری ژیان و خەباتی ئەمرۆمان ڕێک بخەین.

بە واتایەکی دیکە، ڕەنگە نەتوانین وەکوو سەرچاوەی هزریی دوکتور قاسملوو وانەکانی وەربگرین و بە هەمان شێوە بیر بکەینەوە و زەحمەتە سروشت بەم زووییانە کەسێکی وەکوو ئەومان پێ بداتەوە، بەڵام دەتوانین ئامرازەکانی بیرکردنەوە و هەڵوێست وەرگرتنمان لەو وەربگرین و ئەمرۆمانی پێ ڕێک بخەینەوە.

لە وەها بیرکردنەوەیەکدایە کە دەتوانین بەهرە لە هزر و تێکۆشانی دوکتۆر قاسملوو بگرین و لەهەمان کاتیشدا شتێک بونیات بنێین کە هی ئەمرۆی خۆمانە، کە ئەگەر خراپمان کرد تاوانەکەی نەخەینە ئەستۆی ڕێبەری بلیمەتی شەهیدمان.

لێرەدایە کە هزر و کرداری قاسملووی مەزن بۆ ئێمە و نەوەکانی دوای ئێمە وەکوو پەیامی هەتاوی لێ دێ، کە هەرچەند دەستمان بە سەرچاوەی ڕووناکی واتە هەتاو ڕاناگا بەڵام لە پەیامی هەتاو کە بریتییە لە ڕووناکی و دژایەتیی تاریکی فێر دەبین و تیشکی هەتاو دەکەین بە ڕووناککەرەوە و ڕێنوێنی ڕێگای ئەمرۆ و سبەینێمان.

# ئێران، سوسیالیزمی دێموکراتیک و خەباتی نەتەوەیەکی بندەست



ئارش ساڵح

لە لێکدانەوەی هزر و ئەندێشەی دوکتور قاسملوو، لە هەر شوێنێک دەست پێ بکرێت ناچار پێویستە لە پرسیارێک دەرباز بین؛ تیوریزە کردنی سوسیالیزمی دێموکراتیک چ پێوەندییەکی بە بزاڤی نەتەویەکی بندەست بۆ ڕزگاری و هەردووکیان چ پێوەندییەکیان بە ئێرانەوە هەیە کە کورد تەنیا پازدە لە سەدی ئەو وڵاتە پێک دێنێت؟ ئەم بابەتە دەکرێت لە دوو گۆشەنیگاوە لێک بدرێتەوە. یەکەمیان کانتێکسی ئەو کاتەی ئێران و جیهانە کە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە چاوی لێ بکەین دەتوانین بڵێین کە تیۆریزە کردنی سوسیالیزمی دێموکراتیک هەوڵێک بووە لە لایەن دوکتور قاسملووەوە بۆ ئەوەی ڕێگە نەدات کە گوتاری شۆڕش و شۆڕشگێڕی لە لایەن هەندێک بەناو چەپەوە پاوان بکرێت و ئەوان مودێلە نادێموکراتیک و سەرکوتکەرەکەی خۆیان وەکوو تەنیا ئاڵتێرناتیڤی بەرچاو بە کۆمەڵگا بناسێنن. لەم چوارچێوەدا دەکرێت ئەو هەوڵە وەکوو ڕوونکردنەوەی جیاوازی لە نێوان هزری شۆڕشگێڕانە و جەریانێکی بەناو چەپ بێت کە هیچ شوێنگەیەک نە بۆ دێموکراسی و نە بۆ مافی نەتەوایەتی قایل نەبوون. ئەگەر چاو لە شێوە ڕوانینی دوکتور قاسملوو لەسەر مالکیەت و بە فەرمی ناسینی سێ شێوە مالکیەت لە ڕوانگەی سوسیالیزمی دێموکراتیکەوە بکەین بۆمان باشتر دەردەکەوێت کە لە ڕاستیدا هەوڵی دوکتور قاسملوو زیاتر لە هەرشتێک ڕزگار کردنی ڕەوتی شۆڕشگێڕییە لە هزری چەپی زاڵی ئەو سەردەمە و نزیک کردنەوەیە بەو شتەی کە ئەمڕۆ لە ئەورووپا بە سوسیال دێموکرات و لە ئامریکا بە لیبەراڵ دەناسرێت.

بەڵام لە گۆشەنیگایەکی ترەوە ئەم بابەتە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی دوکتور قاسملوو بۆ هزرمەند کردنی خەباتی نەتەویەکی بندەست بۆ هەستانەوە. هەروەها کە لە وتارێکی تر بە ناوی "دوکتور قاسملوو، بزاڤی ڕاسیونالیزمی سیاسەت لە کوردستاندا" لە ژمارەی ۷۱۵ی

> **تیۆریزە کردنی سوسیالیزمی دێموکراتیک هەوڵێکە لە لایەن دوکتور قاسملووەوە بۆ پێکهێنانی سیستمێکی واتابەخش کە بتوانێت کێشەی نەتەوەیەکی بندەست لە پێوەندی لەگەڵ زایتگایستی سەردەمی دنیای مودێڕن دووبارە پێناسە بکاتەوە.**

ڕۆژنامەی کوردستاندا لە بەرواری ۲۱ی دێسامبری ۲۰۱۷ باسم لێ کردووە، تیۆریزە کردنی سوسیالیزمی دێموکراتیک هەوڵێکە لە لایەن دوکتور قاسملووەوە بۆ پێکهێنانی

> **ئەگەرچی دوکتور قاسملوو بە وردی شی دەکاتەوە کە دابین کردنی مافی چارەی خۆنووسین بە سێ شێوەی سەربەخۆیی، فێدراڵ و خودموختاری ئیمکانی هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دوایین و یەکجاری ترین شێوەی چارەسەری کێشەی کوردە.**

سیستمێکی واتابەخش کە بتوانێت کێشەی نەتەویەکی بندەست لەپێوەندی لەگەڵ زایتگایستی سەردەمی دنیای مودێڕن دووبارە پێناسە بکاتەوە. دیارە زایتگایست وشەیەکی ئاڵمانییە کە لەبەر ئەوەی لە زمانەکانی تر وەکوو ئینگلیزی بەرامبەرێکی نییە هەر بەهەمان شێوە بەکار دێتەوە و گوزارشت لە ڕۆحی عەسر یان کات دەکات کە لە نێو باوەڕەکان و سیستمە هزرییەکانی ئەو عەسرە یان کاتە خۆی دەردەخات.

لەم چوارچێوەدا پێویستە بگوترێت کە ئەگەرچی خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوەیەک لە ژێرچەپۆکی تا ڕادەیەکی زۆر مەسیرێکی ڕوون و ئاشکرایە بەڵام ئەو کاتەی کە دێتە سەر کوالێتی ئەو خەباتە، کوالێتی کەلتووری بەشداربووانی و هەروەها ئەو مودێلەی کە دەیەوێت لە داهاتوودا بۆ خەڵکەکەی وەدی بێنێت، پێوەندییەکی زۆری بەو هزرە سیاسییەوە هەیە کە ئەو بزاڤە لە جەریانی خەباتەکەیدا هەڵیدەبژێرێت. ڕوون و ئاشکرایە شێوازی ڕوون کردنەوە و تەبیینی ئامانجەکانی خەبات و هزری سیاسی لە هەر بزاڤێکدا نەتەنیا دەتوانێت ماهیەت و چیەتی ئەو بزاڤە دیار و ڕوون بکات بەڵکوو زۆر کاریگەری دەبێت لە کەیفییەت واتە چۆنیەتی ئەندامەکانی و خودی ئەو خەباتە. لە ئادابی سیاسی و ڕەوشتی ئەندامانی ئەو حیزبە یان بزاڤە بگرە تا چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتیەکان و هەروەها چۆنیەتی ئیدارەی کۆمەڵگا لە داهاتوودا بە شێوەیەکی بەرفراوان لەژێر کاریگەری هزری سیاسی و ڕوونکردنەوەکەیەتی.

کێشەی کورد لە چوارچێوەی هزری دوکتور قاسملوودا پێویستی بەوە هەیە کە لە چوارچێوەیەکی هزری سیاسی پێناسە بکرێتەوە کە توانای ئەوەی هەبێت یەکەم لەگەڵ دنیای مودێرن و کێشەکانی پێوەندییەکی واتاداری هەبێت و دووهەم پێوەندییەکی واتادار لە نێو توخمە جیاوازەکانی ئەو بزاڤە و داهاتووی کوردستان پێک بێنێت.

کاریگەرییەکی تری ئەم شێوە ڕوانینە ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئەو هزرە سیاسییەدا کێشەی کورد دەتوانێت ببێتە کەلێنێکی کۆمەڵایەتی بۆ گەشەسەندنی ئاگاییەکی شۆڕشگێڕانە کە بتوانێت پێوەندییەکانی نێوان گەلانی ئێران کە لەسەر بنەمای سەردەستی و ژێردەستی هاتوونەتە ئاراوە بە شێوەی یەکجاری بگۆڕێت.

ئەگەرچی دوکتور قاسملوو بە وردی شی دەکاتەوە کە دابین کردنی مافی چارەی خۆنووسین بە سێ شێوەی سەربەخۆیی، فێدراڵ و خودموختاری ئیمکانی هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دوایین و یەکجاری ترین شێوەی چارەسەری کێشەی کوردە.

بەڵام هەر لەو ڕوانگەیەدا ئەوەی کە گرینگی بنەڕەتی هەیە ئەوەیە کە مافی چارەی خۆنووسین بە دامەزراوەیی بکرێتەوە.

ئەم بە دامەزراوەیی کردنە لە دوو ڕەهەنددا پێویستە بخرێتە بەر چاو. ڕەهەندی یەکەم ڕەهەندی دەرەکییە واتە ئەگەر گەلی کورد بە هەر هۆیەکەوە بڕیاری دا کە لە چوارچێوەی ئێراندا بمێنێتەوە پێویستە وەکوو گەلێک هەم لە دامەزراوەکانی یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتە و هەم لە ڕێگەی دامەزراوە سیاسییەکان بتوانێت بە شێوەی بەردەوام لەو مافەی خۆی کەڵک وەرگرێت. مانەوە لە چوارچێوەی ئێرانێکی فێدراڵدا کاتێک دەتوانێت بۆ گەلی کورد وەکوو یەکێک لە شێوازەکانی بەدەست خستنی مافی چارەی خۆنووسین لەقەڵەم بدرێت کە هەم دامەزراوە یاساییەکان و هەم دامەزراوە سیاسییەکان گەرەنتیکەری بەکارهێنانی بەردەوام و یەکجارەکی ئەو مافە بن. بەکارهێنانی بەردەوام بەو واتایە کە دامەزراوەی سیاسی تایبەت وەکوو پارلەمان و دەوڵەتی هەرێمی ڕێگە بەو گەلە بدات کە بەردەوام کاروباری خۆی بەڕێوە ببات و بەکارهێنانی یەکجاریش بەو مانایە کە یاسای بنەڕەتی وەکوو پەیمانێکی کۆمەڵایەتی گەرەنتیکەری ئەوە بێت کە ئەو نەتەوەیە هەرکات کە ویستی لە ئێران جیا ببێتەوە یان داوای شێوازێکی تر لە یەکیەتی لەگەڵ گەلانی تری ئێران بکات؛ بەڵام ڕەهەندی دووهەم لە ڕاستیدا پێوەندی بە ناوخۆی کوردستانەوە هەیە.

ئەو بە واتای دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکە بە هەموو پێداویستییەکانیەوە، واتە ئازادی ڕادەربڕین، حکوومەتی یاسا، دەستاودەست کردنی دەسەڵات و بەرپرسایەتی یاسایی و .... گەرەنتی مافی چارەی خۆنووسینی هەر گەلێک لە ڕەهەندی دەرەکی دا، پێوەندییەکی زۆری بەوەوە هەیە کە تاکەکانی ئەو گەلە تاکی ئازاد بن و بتوانن لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیکدا پێکەوە بژین. لە ئەگەری نەبوونی سیستمێکی دێموکراتیک لە ناوخۆی ماڵی ئەو گەلە، هەر بڕیارێک کە ئەو گەلە ڕوو بە دەرەوە دەیدات خاوەنی ڕەوایی نییە و ناتوانرێت وەکوو مافی چارەی خۆنووسین بێتە بەرچاو.

بۆ گەیشتن بەم ئاستە لە بەدامەزراوەیی بوونی مافی چارەی خۆنووسین، دوکتور قاسملوو هەوڵ دەدات لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی زانستی لە بنەما ئابووری- کۆمەڵایەتییەکانی ئەو پێوەندییانەی سەردەست و ژێردەست، چوارچێوەیەکی تیۆریک بەدەستەوە بدات کە توانایی شکاندنی ئەو پێوەندییانەی لە سەرهەموو ئاستی ئێران هەبێت. دوکتور قاسملوو هاوکات کە باوەڕی بە مافی چارەی خۆنووسین بوو بەڵام ئەوەشی نەدەشاردەوە کە کێشەی گەلی کورد لە ئێراندا و لە چوارچێوەی ڕاستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەبێت چارەسەر بکرێت؛ واتە ئەوەی کە بە ناوی "مومکێنات" ناوی لێ دەبات بریتییە لە کۆمەڵگای سیاسی ئێران.

# تێرۆریزم لە روانگەی جیاوازەوە

دوکتور قاسملوو



تێرۆریزم، هێرش بۆ سەر ژیانی مرۆڤ و ئازادیی خەڵکی بێ تاوانە کە لە شەڕی نێوان تێرۆریزم و دژبەرەکانیاندا بەشدار نین. لە وڵاتانی رۆژئاواییدا تەقاندنەوە یان دانانی بۆمب لە شوێنە گشتییەکان، بارمتەگرتنی خەڵک و ڕفاندنی فڕۆکە، بە کردەوەیەکی دزێوی تێرۆر ناودەبردرێن. هەرچەندە ڕواڵەتەکانی دیکەی ئەم دیاردەیە لەوانە زیاترن و دەزگا ڕاگەیاندنە گشتییەکانی رۆژئاوایی ناویان نابەن و خۆی لێدەبوێرن.

ڕێگا بدەن لەو باسەدا چەند پرسارێک بکەین.

تێرۆریست کێیە؟ دەوڵەتێک کە بەناوی پاراستنی ئەمنیەتی نەتەوەیی، خەڵکەکەی پەرێشان دەکا تێرۆریستە؟ ئاخۆ ئەم دیاردەیە تەنیا گرفتی وڵاتانی جیهانی سێهەمە کە دیکتاتۆرەکان بەسەریاندا حاکمن؟ ئایا ئەمە تەنیا تایبەت بە وڵاتی جیهانی سێهەمە؟ ئایا وشەی " تێرۆریست" بۆ دژبەرێکی سیاسی دەبێ کە کردەوەیەکی تێروریستی دژی دەوڵەت دەکا کە ئازادییە مەدەنییە دەستەبەرکراوەکانی قانوونی بنەڕەتی پێشێل دەکا؟

ئەی لەمەڕ بزوتنەوەی ئازادیی نەتەوەیی کە بە ناوی ئازادی و سەربەخۆیی، تێرۆریزم هەڵدەبژێرێ چی دەگوترێ؟

ئەی ئەو وڵاتەی کە وڵاتێکی دیکە داگیر دەکا و بە زەبری تێرۆر، قانوونەکانی خۆی بەسەر خەڵکەکەدا دەسەپێنێ؟

ئەی خەڵکێک لەگەڵ ترس و تۆقاندندا بەرەوڕوو دەبن لەبەر ئەوەی کە دژی ڕاسیزم و گوشاری گرووپە قانونی و ناقانوونییەکان خەبات دەکەن؟

ئەو گروپانە کەسانێکن کە بە دوای مەبەستی خۆیانەوەن کە خوازیاری گۆڕینی سیاسەت، ئازادیی جینایەتکاران و ئەستاندنی پووڵی زۆرەملین.

بەراستی کێ تێرۆریستە؟

ئایا ڕەشەکانی ئافریقای باشوور کە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزیی" ئاپارتاید" لە وڵاتەکەی خۆیاندا خەبات دەکەن تێرۆریستن؟ یان ڕێژیمی سپییەکان کە جیاوازی ڕەگەزی دادەسەپێنن؟

ئایا خەڵکی کورد کە چەکی هەڵگرتووە و شەڕێکی عادڵانە بۆ پاراستنی پێناسەی نەتەوەیی خۆی دەکا تێرۆریستە؟ یان خومەینی تێرۆریستە کە لە ٧ ساڵی ڕابردوودا شاروگوندەکانی کوردستانی لە ئێراندا وێران کردووە و بە کۆمەڵ خەڵکی قەڵاچۆ کردووە؟٢

ئایا حکوومەتی ئانکارا تێرۆریستە کە بە گوشاری وەحشیانەی کە لە تورکیەدا بەسەر کوردیدا سەپاندووە قانع نییە و ئێستا خەریکی بۆمبارانی حەشیمەتی بێدیفاعی کورد لە عێراقە؟

ئایا دەوڵەتی قانوونیی نیکاراگوئە کە یارمەتی بە پێکەوە ژیان و ئاشتی لەو وڵاتە دەکا تێرۆریستە یان کۆنتراکان کە یارمەتیی بە لێشاو و پشتیوانیی ڕەیگانیان لە پشتە تێرۆریستن؟

ئەگەر تێرۆریزم بە مانای هێرش بردن بۆ سەر ژیانی ئازادانەی خەڵکی بێتاوان بێ، لەو حاڵەتەدا هەر کەسێ کارێکی ئەوتۆ بکا دەبێ وەکوو تیرۆریست سەرنجی بدرێتێ، چ ئەو کەسە تاک بێت یان ڕێکخراوە یان دەوڵەت.

ئەو پێناسەیە دەبێ بە بنەما دابندرێ ئەوەش لەگەڵ روانگەی وڵاتانی رۆژئاواییدا کە تەنیا لە کارتێکەرییەکانی تێرۆریزم دەکۆڵنەوە، یەک ناگرێتەوە. رۆژئاوا هەوڵ نادا لە هۆیەکانی تێرۆر بکۆڵێتەوە پێویستە ئەو هۆیانە بۆ کەسێک کە خوازیاری بنەبڕکردنی تێرۆریزمە، ڕوون بن.

گوتراوە کە تێرۆریزم چەکی بێبەشانە

دەبێ ئەوەش زیاد بکرێ کە تێرۆریزم ڕێگەی ئەو کەسانەیە کە ڕەنگە بیانەوێ تەنانەت لە بەرانبەر بێعەداڵەتی، گوشار، دیکتاتۆری و ڕاسیزمدا دژکردەوەیان هەبێ. ئەم هۆکارانە کە بنەبڕ بکرێن، تێرۆریستەکان تەریک دەکەون و بە خێرایی مەترسییەکەیان کۆتایی پێدێ.

ئەگەر ویستە قانونییەکانی خەڵک دابین بکرێن و بێعداڵەتی نەمێنێ، هەموو کردەوەکانی تێرۆریستان بە شێوەیەکی بەرین، مەحکووم دەکرێن. چونکە تێرۆریستەکان کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆیان بە ئیددیعای ویستە سیاسییە قانونییەکان دەڕازێننەوە.

وڵاتانی رۆژئاوا پێیان خۆشە بزوتنەوەی نەتەوەیی و خەباتی چەکداری لەگەڵ کاری تێرۆریستیدا تێکەڵ بکرێ، وێدەچێ تێرۆریزم لەگەڵ کردەوەی زۆر لە دەوڵەتەکاندا ڕێک بکەوێ، ئەگەر نەبێ ڕێک بخرێ.

نموونەی ئەو وڵاتانە زۆرن کە لەبەر پێویستی خۆیان بە تێرۆریزم بۆ پەسند کردنی سیاسەتی تێرۆریستی، بە شێوەی ئاسایی خۆیان بە دژی تێرۆریست ناو دەبەن کە ئافریقای باشوور، شیلی و ئێران لەو ریزەدان.

کاتێ ڕەشەکان داوا دەکەن ئاپارتاید نەمێنێ، ئەوان ڕەشەکان بە تێرۆریست دەزانن، فەلەستینییەکان داوای وڵاتی خۆیان دەکەن .خەڵکی شیلی دژی دیکتاتۆرییە و ئێرانییەکان دیکتاتۆریی ئاخوندی ڕەت دەکەنەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ناچارکراوە لە حەوت ساڵی ڕابردوودا دژی ڕێژیمی خومەینی دەست بۆ خەباتی چەکداری بەرێ. ئەو خەباتە هەرگیز بەرەو تێرۆریزم نەکشاوە. بە پێچەوانە یارمەتیی کردووە بە ئازاد کردنی ژمارەیەک بارمتەگیراو کە حەوت کەسیان فەرانسەوی بوون.

بزوتنەوە نێونەتەوەییەکانی جیهان بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن ئەو شێوە هەڵسوکەوتە ناکەوێتە نێو گێژاوی تێرۆریزمەوە.

بە پێی پرەنسیپ، ئێمە تێرۆریزم ڕەت دەکەینەوە. چونکە پێمان وایە ئەو بنەمایە، ئازادی کەرامەتی مرۆڤ دەستەبەر دەکا. هەروەها لە ڕوانگەی سیاسییەوە، لە درێژخایەندا تیرۆریزم، پرەستیژی بزوتنەوە لە بەین دەبا و لە نێوخۆوە وێرانی دەکا. هەڵسەنگاندن و پێناسە کردنی نەگونجاوی وڵاتانی رۆژئاوا لە تێرۆریزم، خەبات دژی ئەو دیاردەیە ئەستەم دەکا.

کردەوە تێرۆریستییەکان دژی وڵاتانی رۆژئاوا مەبەستی جۆراجۆری لە پشتە. تیرۆریستەکان بۆ ئامانجەکانیان پێویستیان بە پروپاگەندە هەیە. دەیانەوێ بە ناتەواوی دوژمنەکانیان روحییەی مەعنەویی هێزەکانیان پتەو بکەن.

ئەوان دەیانەوێت چالاکیە ئاساییەکانی دەوڵەتی دژبەر لە کار بخەن و هەوڵدەدن دەوڵەت پێوانەگەلی نائاسایی بەمەبەستی دنەدانی نارەزایەتیی گشتی بخاتەگەڕ.

ڕاگەیاندنە گشتییەکانی رۆژئاوا دەکەونە داوێکەوە کە تێرۆریستان بۆیان دادەنێنەوە.

لەو حاڵەتەدا چالاکییە تێرۆریستییەکان بە بەربڵاوی بڵاودەکرێنەوە و بە ئاگاداریی خەڵک ڕادەگەیەندرێن خەباتی بزووتنەوەی دێموکراتیک بۆ ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لە بیر دەکرێ.

جیهادی ئیسلامی کە تەنیا نوێنەرایەتیی تاقمێکی دەسکرد دەکا ناوبانگی لە جیهان هەیە بەڵام ویست و داخوازی ٢٠ میلیۆن کورد لە بازنەی سیاسیدا بە دژواری دەناسرێ. ئایا ئەو نەگونجاوییە و بێقەوارەییە، بزووتنەوە دێموکراتیکەکان هان نادا بۆ ئەوەی پەنا بۆ کردەوەی تێرۆریستی بەرن، تاکوو دەنگیان ببیسترێ.

دێموکراسییەکانی رۆژئاوا ناتەواون و تێرۆریستەکان لەو ناتەواوییە کەڵک وەردەگرن بەڵام هەر لەو کاتەدا دێموکراسی دوژمنی ژمارە یەکی تێرۆریزمە. لەو شوێنەی کە دێموکراسی هەیە، تێرۆریزم گەشە ناکا. تێرۆریزم بە ئاشکرا لە دەرەوەڕا دێ.

لەو وڵاتانەی کە ئازادییەکان پێشێل دەکرێن، دیکتاتۆری هەیە، بێ عداڵەتی هەیە، هەڵاواردنی ئایینی و ئیتنیکی هەیە، گرفتە سیاسییەکان پەرە دەگرن. بەرتەسک کردنەوەی دێموکراسی زیاترین زیان بە دێموکراسیی رۆژئاواییەکان دەگەیەنێ.

ئازاد کردنی بە بارمتەگیراوێک ئیمتیازێکە کە لە هەڵبژاردنەکاندا کەڵکی لێوەردەگیرێ.

تێرۆریستەکان لە ئیمتیازی ڕکەبەری سیاسی کەڵک وەردەگرن و ویستەکانیان پەرە پێدەدن. دەبێ لە بیرمان بێت کە بەبارمتەگرتنی ئەمریکاییەکان لە ١٩٨٠ی زایینی لە لایەن خومەینییەوە، لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئامریکا، شوێنی خستە سەر سیاسەتی ئامریکاییەکان.

تێرویستەکان ئامانجیان ئەوەیە کە دێموکراسییەکان لەق بکەن، لە ناوەوە بنکۆڵیان بکەن و گرفتەکان بەرەو رۆژئاوا بنێرن بۆ ئەوەی وڵاتەکانیان وێران بکەن، بەرتەسک کردنەوەی دێموکراسی بە مانای یارمەتیدان و لایەنگیریکردن لە تێرۆرە.

لەو هەلومەرجەدا چۆن دەکرێ کۆتایی بە تێرۆر بێنین؟

مرۆڤ دەبێ ئاگاداری ئەو ڕاستییە بێ کە تێرۆریزم بە شەوێک کۆتایی پێنایە و لە نێوناچێ.!

وەڕێخستنی پروپاگەندەیەکی زۆر بۆ بەبارمتەگیراوان کەڵکی نییە چون ئەوە ڕاست ئەو شتەیە کە تێرۆریستان دەیانهەوێ. ڕووخاندنی دەوڵەت ئەگەر نا دەوڵەت دەکەنە بارمتەی بارمتەکان.

ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی لەمەڕ بەبارمتەگیراوان، مانای نوسینی وتارێکی سەرەکی لە چاپەمەنییەکاندا نییە" دان بەخۆداگرتن" لەمەڕ بارمتەکان ڕەنگە زیاتر یارمەتی بە ئازادکردنیان بکا.

وتووێژ نابێ وەلابنرێ، بەڵام قەبووڵی وتووێژ بەمانای چۆکدانان بۆ ویستەکانیان نییە. نابێ لە بیر بکرێت کە ملکەچ بوون بۆ ویستە ناقانونییەکانی تێرۆریستان ڕێگە دەکاتەوە بۆ ئەوەی داخوازییەکانیان ڕێکوپێکتر و زیاتر بکەن.

زۆر گرینگە کە لەگەڵ تێرۆریستی ڕاستەقینە وتووێژ بکرێ نەک ئەو کەسانەی کە بۆ چاندنی بۆمبەکان و بارمتەگرتن و ڕفاندن کەڵکیان لێوەردەگیرێ.

خاڵی وتووێژ لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان چییە؟ لە حاڵێکدا هەموو دەزانن کە ئەمانە دروستکراوی تارانن. دەبێ سەرەنجام نوێنەرایەتی ڕاستەقینە بۆ وتووێژ بدۆزرێتەوە.

خومەینی پارەی دەوێت بۆ ئەوەی لەگەڵ عێراق درێژە بە شەڕ بدات بۆ ئەوەی ئابووریی ئێران بەرەو قەیران دەچێ خاڵی سەرەکی لە وتووێژەکانی نێوان فەرانسە و کۆماری ئیسلامیدا، پێوەندی بە میلیارد دۆلار قەرزەوە هەیە کە ڕێژیمی ڕابردوو بە شیرکەتی ئۆیرۆدیفی دابوو.

نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی وتووێژ لەسەر حەوت کەس لە بارمتە گیراوان کە لە دەست حیزبوڵڵای لوبناندان ڕەت دەکەنەوە.

هەموو دەزانن کە چارەنوسی ئەوان پەیوەندی بە ویستی ئایەتوڵڵاکانەوە هەیە گرووپەکانی دیکە سەر بە دەوڵەتگەلێکی ناسراوی دیکەن شەڕ کردن لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە پشتیوانی لە تێرۆر دەکا پێویستە چاوپۆشی لێنەکرێ ئەو وڵاتانە دەبێ خۆیان بگلێندرێنە نێو ترس و خۆفەوە.

هەموو وڵاتان دەبێ دژی تێرۆریزم هاوکاری بکەن ئەوەش تایبەت بە ناتۆ و EEC نییە لە ماوەی ٤٤٤ رۆژدا کە بارمتە ئامریکاییەکان لە ئێران بوون چەند وڵاتێکی ئورووپایی پێوەندی باشیان لەگەڵ ئێراندا هێشتەوە.

لە نەبوونی ئامریکاییەکاندا دەوڵەتانی ئورووپایی قازانجی بازرگانی باشیان لە ڕێژیمی خومەینی دەست کەوت.

چەند مانگ چەند فەرانسەوی لە دەست ئێرانییەکاندا لە لوبنان بوون، فەڕانسە گوشاری پروپاگەندەی لەمەڕ بارمتەکان تەجرووبە کرد.

هاوکارانی ئی ئی سی فەرانسە وەکوو ئینگلیستان و ئاڵمان ئێستاش پێوەندی ئابووری زۆر بەهێزیان لەگەڵ ئێران هەیە ئەوان پشتیوانی لە ڕێژیمێک دەکەن کە تێرۆریزمی وەکوو دۆکتۆرینی دەوڵەتی هەڵبژاردووە.

هاوپەیوەندی لە دژی تێرۆر دەبێ کارامەتر بێ و ببێتە دیاردەیەکی نێونەتەوەیی نەنەتیا وڵاتانی رۆژئاوایی بەڵکو وڵاتانی سوسیالیستی بەتایبەتی جیهانی سێهەمیش بگرێتەوە.

ئەو تئۆرییە کە ئیدعا دەکا جیهانی سێهەم تێرۆریزم دروست دەکا دەبێ وەلابنرێ.

خەبات دژی تیرۆر کارێکی پێویستە، بێ جیاوازی و لە هەر جێیەکەوە کە سەرچاوە بگرێت.

ژیرانەیە کە تێرۆریزمی عەرەبەکان کە ژیانی بێتاوانەکان دەخەنە مەترسییەوە بێ ڕاڕایی و بەوردی مەحکووم بکرێ. هێرش بۆ سەر سێناگۆگی جوولەکەکان لە ئیستامبوڵ کە تێیدا ٢٤ کەس کوژراون مەحکووم دەکرێ و دەگوترێ ئەو کردەوەیە دژی ئازادیی ئایینیە بەڵام بۆچی هێرش بۆ سەر کوردی عێراق مەحکووم ناکرێ؟ ئەم هێرشە دەبێتە هۆی مەرگی سەدان کەسی مەدەنی.

هاوکوفەکانی وڵاتانی رۆژئاوا کردەوە تێرۆریستییەکان مەحکووم دەکەن بەڵام زۆر گونجاوە کە ڕاڕاییەکانیان لەمەڕ ئەو هەنگاوانە دژی ڕێژیمی ڕەگەزپەرەستی ئەفریقای باشوور وەبەرچاوبگیرێ.

کاتی ئەوە هاتووە ئەو جیاوازی دانانە کۆتایی پێ بێت. کە لەم جیهانەدا بەشێک لە خەڵک وەکوو هاوڵاتیی دەرجە دوو یان سێ چاویان لێ بکرێ و [وادەرکەوێت] کە ژیانیان ئەو بایەخەی نییە کە هاووڵاتییانی وڵاتانی پێشکەوتوو هەیانە. پشتیوانی ئەخلاقی و سیاسی لە بزوتنەوەی ئەو خەڵکانەی کە پەنا بردن بۆ تێرۆر ڕەت دەکەنەوە، ڕێگەیەکی دیکە بۆ خەبات دژی تێرۆریزمە.

**١: ئەو نوسراوەیە بۆ کۆنفرانسی تێرۆر و ڕەوشتی مرۆڤانە نوسراوە ئەو کۆنفرانسە لە ١٦/٩/١٩٨٦ لە پاریس بەڕێوەچووە.**

**٢: هۆکاری ئەوەی لێرەدا نوسراوە ٧ ساڵە کە خومینی کوردستان قوڵاچۆ دەکات ئەوەیە کە کاتی نوسینی ئەو وتارە ٧ ساڵ بەسەر دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی دا تێپەڕیوە.**

**وەرگێڕ لە فەڕانسەوییەوە بۆ کوردی: حەسەن ئەیووبزادە**

# سێ قۆناغ لە فکری سوسیالیستی قاسملوودا



**هەرچەند دوکتور قاسملوو بە جەستە نەماوە، بەڵام میراتی فیکری و سیاسی لە حیزبی دێموکراتدا زیندووە. ئەو میراتە هەر زیندوو دەمێنێتەوە، ئەگەر بێت و حیزبی دێموکرات دینامیزمی فیکری لە خۆیدا ڕابگرێ.**

**هاوکات کە بیرۆکەی سیاسی قاسملوو بەرهەمی سەردەمی خۆی بوو، دینامیزمی ڕووناکبیری دوکتور قاسملوو وای کردبوو کە بتوانێ لە زۆر ڕووەوە لە پێش سەردەمی خۆی بێ.**

**سوسیالیزمی دێموکراتیک پێداگری دەکات لە سەر ئازادییە سەرەتاییەکان وەک ئازادی بەیان، ئازادی چاپەمەنی، ئازادی پەیڕەوکردن لە ئایین بۆ خەڵکی دیندار، پلۆرالیزمی سیاسی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد بۆ دەستاوەستکردنی دەسەڵات.**

د.ئیدریس ئەحمەدی

هەر وەک چۆن لە نووسینی مێژووی فەلسەفەدا ژیانی هێندێک فەیلەسوفی بەرجەستە دابەش دەکرێ بە سەر دوو قۆناغی سەرەکیدا، واتە قۆناغی گەنجییەتی و قۆناغی پاش گەنجییەتی، دەکرێ هەمان جیاکاری لەمەڕ ژیانی سیاسی و گەشەی ڕووناکبیری قاسملوودا بکەین؛ هەڵبەت کە ئەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی سوسیالیزم لای قاسملوو، کە بابەتی سەرەکی ئەم وتارەیە، دەکرێ باس لە سێ قۆناغ بکەین: قۆناغی یەکەم، سۆسیالیستبوونی قاسملوو بوو لە فۆرمی مارکسیزمدا. قۆناغی دووهەم، کە لە نووسینی "کورتە باسێک لە سەر سوسیالیزم" لە سەرەتای دەیەی ١٩٨٠ بە ڕوونی دەردەکەوێ، لە شکڵی سوسیالیزمی دێموکراتیکدا بوو. قۆناغی سێهەم، کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٨٠، دەکرێ بڵێین ئاوێتەکردنی سوسیالیزمی دێموکراتیک و سوسیال دێموکراسی بوو.

### قاسملووی گەنج

قاسملووی گەنج، وەک لە تێزی دوکتوراکەیدا دەردەکەوێ، هەم مارکسیست و هەمیش سەربەخۆییخواز بوو. هاوشێوەی کۆمەڵەی ژێکاف، خوازیاری سەربەخۆیی و یەکسەرخستنەوەی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو؛ جێگای پرسیارە، کە چۆن بوو قاسملوو لەو قۆناغەدا، هەم پابەند بوو بە سەربەخۆییخوازی کۆمەڵەی ژێکاف، هەمیش مارکسیست بوو، لە کاتێکدا کۆمەڵەی ژێکاف وێدەچێ زۆرتر ڕێکخراوێکی لیبراڵ دێموکرات بووبێ. هەرچەند ئەوە دەبێ بکرێ بە بابەتی لێکۆڵینەوەی جیددی، بەڵام وێدەچێ بارودۆخی نێودەوڵەتی، بە تایبەت پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و لەنێوچوونی کۆماری کوردستان و دواتریش بەرپابوونی شەڕی سارد و بێ گومان بەسەربردنی ژیان لە خۆرهەڵاتی ئەورووپا، دەوری هەبووبێ لە ئاوێتەکردنی بیری سەربەخۆییخوازی و مارکسیزم لای قاسملووی گەنج.

ئەوەیکە یەکیەتی سۆڤیەت پشتیوانی لە کۆماری کوردستان دەکرد، هاوکات کە ئەمریکا و بریتانیا پشتی دەوڵەتی ئێرانیان گرتبوو، بێ گومان نابێ بێ باندۆڕ بووبێ لە سەر ئەو نەسڵە لە ڕووناکبیر و چالاکانی سیاسی کورد لە کوردستانی ئێران کە دوای لەنێوچوونی کۆماری کوردستان چ لە حیزبی دێموکرات و چ لە دەرەوەی ئەو حیزبەدا لە سیاسەتی کوردیدا دەوریان دەگێڕا. ئەم ڕاستییە قاسملوویش دەگرێتەوە.

بەڵام هەروەها لە ئاست نێودەوڵەتیدا، یەکیەتی سۆڤیەت هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیری شۆڕشگێڕی و ناڕاستەوخۆ بیری ڕزگاری نەتەوەیی دەدا، هەرچەند لە فۆرمی تایبەت بە خۆیدا. لەبەرانبەردا، ئەمریکا بۆ بەرپەرچدانەوەی بیری کۆمۆنیستی، لە زۆر شوێنی جیهان هاوپەیمانی ڕێژیمی ڕاستی سەرەڕۆی دەکرد. ئەمریکا هاوپەیمانی سەرەکی ئێران بوو، هەروەها هاوپەیمانی نزیکی تورکیە بوو. بریتانیا و ئەمریکا تاکوو کودەتای ١٩٥٨ لە عێراق، پاڵپشتی حکومەتی عێراقیش بوون. کەوابوو، وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە تایبەت ئەمریکا، هاوپەیمانی سێ دەوڵەتی دوژمنی کورد بوون. بەو پێیە، وەک مەسەلەیەکی ئاسایی دێتە بەرچاو کە ناسیۆنالیستی کورد لە سەردەمی شەڕی ساردا، زۆرتر هەوڵ بدەن ناسیۆنالیزمی کورد لە گەڵ فکری چەپدا بگونجێنن. فاکتەرێکی دیکە بێ گومان ئەوە بوو کە ئوپۆزیسیۆن لە ئێران، عێراق و تورکیە لەژێر هێژمۆنی مارکسیزم- لێنینیزمدا بوون؛ هەڵبەت وێدەچی بەهاری پراگ لە ساڵی ١٩٦٨، واتە کاتێک کە یەکیەتی سۆڤییەت بە داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیا پێشی بە پرۆسەی ڕێفۆرم و سەربەخۆیی سیاسی لەو وڵاتەدا گرت، باندۆڕی بەرچاوی لەسەر دوکتور قاسملوو هەبووبێ. ئەو کات دوکتور قاسملوو دژ بەو داگیرکارییەی سۆڤییەت ڕاوەستا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەیکە لە کاری زانکۆ دوور بخرێتەوە و دواجار ناچار بێ بگەڕێتەوە بۆ پاریس. لەوێش دوکتور قاسملوو زۆرتر لە گەڵ سوسیالیستەکانی ڕۆژئاوا بە مارکسیست و سۆسیالدێموکراتەوە نزیک دەبێتەوە. کەوابوو، دەکرێ بڵێین سەرەتای دوورکەوتنەوەی دوکتور قاسملوو لە سوسیالیزم لە شکڵی مارکسیستیدا لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ دەست پێ دەکا.

### پاش قۆناغی گەنجییەتی

لە قۆناغی دووهەمدا لە ژیانی دوکتور قاسملوو، کە ڕەنگبێ بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ بەڵام بە ڕوونی لە کاتی بەدەستەوەگرتنی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات دوای کۆنگرەی سێ لە ساڵی ١٩٧٣دا دەردەکەوێ، دەبینین کە حیزبی دێموکرات گۆڕانی بنەڕەتی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەسەردا دێ. زێدەڕوییمان نەکردووە ئەگەر بڵێین ڕێنێسانسی حیزبی دێموکرات لەو کاتەوە تاکوو کۆنگرەی ١٦، بەرهەمی قاسملوو بوو.

لەم قۆناغەدا، حیزبی دێموکرات خۆی لە مارکسیزم بەو شێوەیەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا باو بوو، یان با بڵێین مارکسیزم- لێنینیزم، جیا دەکاتەوە. ئەمە زۆرتر لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات بە نیسبەت ڕێکخراوی دیکە، بە تایبەت حیزبی تودەی ئێران، هەروەها لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات لە ئاست کوردستان، ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا دەردەکەوێ تاکوو ئەوەی لە دەقێکی فکری دیاریکراودا دەربڕابێ. هێنانەدەری حیزبی دێموکرات لەژێر باندۆڕی حیزبی توودە زۆرتر وەک مەسەلەیەکی ڕێکخراوەیی چاوی لێ دەکرێ، لە کاتێکدا پێشمەرجی ئەو سەربەخۆییە ڕێکخراوەییە بە نیسبەت حیزبی توودەوە، سەربەخۆیی فکری بوو.

لە لایەکی دیکەوە، لە ساڵانی دوایدا گوتراوە کە پەسەندکردنی بیرۆکەی خودموختاری لە حیزبی دێموکراتدا، لەژێر باندۆڕی فکر و ڕێکخراوی چەپی ئێرانیدا بووە. بەو پێیە، دەبوا ڕەدکردنەوەی مارکسیزم- لێنینیزم لەلایەن دوکتور قاسملووەوە و هەروەها سەلماندنی سەربەخۆیی بە نیسبەت حیزبی توودە، کارتێکەری لەسەر مەسەلەی خودموختاریش هەبایە کە وا نەبوو؛ بە پێچەوانە، هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی لە ئێران وەک پێشمەرجی خودموختاری، لە کاتی بەدەستەوەگرتنی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتەوە لە لایەن دوکتور قاسملووەوە لە پاش کۆنگرەی سێهەم، کرا بە ئامانجی ستراتێژیک و سەرەکی ئەو حیزبە. ڕاستییەکەی، لە وتارێکی دوکتور قاسملوو لەمەڕ خودموختاری کە دواتر لە "تێکۆشەر" بڵاو بووەتەوە، بە ڕوونی دەردەکەوێ کە بارودۆخی جیوسیاسی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین، وێڕای ئەزموونی خەبات لە کوردستان و لە شوێنی دیکە، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات داوای خودموختاری بکا. لەلایەکی دیکەوە، بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی یان خودموختاری لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی و قاجار، ئەویش لە ئاکامی گوشاری وڵاتانی ئەورووپی بۆ سەر ئیمپراتۆری عوسمانی. دواتریش لەلایەن بریتانیاوە پێشنیار کرا بۆ چارەسەکردنی مەسەلەی کورد لە عێراق؛ کەوابوو، بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی پەیوەندی بە چەپەوە نییە، هەرچەند دەشێ چەپی ئێرانیش کەڵکی لەو بیرۆکەیە وەرگرتبێ.

پرسیار ئەوەیە کە بۆچی لەو سەردەمەدا، دوکتور قاسملوو دەقێکی لە بابەتی "کورتە باسێک لە سەر سوسیالیزم" نەهێنایە ئاراوە؟ وێدەچێ هۆیەکەی بگەڕێتەوە بۆ هێژمۆنی مارکسیزم- لێنینیزم لە لای بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و بە تایبەت لە ئێراندا، کە بێگومان لە سەر ئەندامانی حیزبی دێموکرات شوێندانەر بوو. هەر بەو بۆنەوە لە کۆنگرەی چوارەمدا، گرووپێک لە حیزبی دێموکرات جودا بوونەوە کە لەژێر کارتێکەری حیزبی توودەدا بوون. دواتر کە دوکتور قاسملوو ویستی سوسیالیزمی دێموکراتیک لە نێو حیزبی دێموکراتدا جێگیر بکا، ئەوکاتیش کەسانێک هەبوون کە دژی ڕاوەستانەوە، هەرچەند نەبووە هۆی جیابوونەوە.

هێنانی سوسیالیزمی دێموکراتیک لە لایەن دوکتوور قاسملووەوە لە سەرتای دەیەی ١٩٨٠، بۆ ئەوکات وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو. لەو سەردەمەدا، کە هێشتا شەڕی سارد لە ئارادا بوو و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەژێر باندۆڕی مارکسیزم- لێنینیزم و مائۆئیزمدا بوو، سوسیالیزمی دێموکراتیک هەوڵێک بوو بۆ دیاریکردنی ئاراستەیەکی دیکەی ئایدیۆلۆژی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا.

سوسیالیزمی دێموکراتیک، وەک لە ناوەکەیدا دەردەکەوێ، گرنگییەکی سەرەکی دەدا بە دێموکراسی. لەو ڕووەوە، سوسیالیزمی دێموکراتیک نزیکە لە لیبراڵ دێموکراسی، چوونکە هەردوو ڕەوتی فیکری پێداگری دەکەن لە سەر ئازادییە سەرەتاییەکان وەک ئازادی بەیان، ئازادی چاپەمەنی، ئازادی پەیڕەوکردن لە ئایین بۆ خەڵکی دیندار، پلۆرالیزمی سیاسی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد بۆ دەستاوەستکردنی دەسەڵات. بە مانایەک، دەکرێ بڵێین لە قۆناغی دووهەمدا و بە هێنانی سوسیالیزمی دێموکراتیک، حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕەچەڵەکی لیبراڵ دێموکراتیکی خۆی لە کۆمەڵەی ژێ کافدا.

کاکڵەی سوسیالیزمی دێموکراتیک، پابەندبوونە بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی؛ بۆیە، لایەنگرانی سوسیالیزمی دێموکراتیک، هاوشێوەی مارکسیستەکان، سەرمایەداری وەک سیستمێکی ئابووریی چەوسێنەر دەبینین. هەم مارکسیستەکان، هەمیش لایەنگرانی سوسیالیزمی دێموکراتیک پێیان وایە سەرمایەداری دەبێ کۆتایی پێ بێ، یان بڕووخێندرێ. لەو ڕووەوە، سوسیالیزمی دێموکراتیک جیاوازی هەیە لە گەڵ سۆسیال دێموکراسی، کە بە وتەی دوکتور قاسملوو "ڕێبازێکی ڕێفۆرمیستیە کە بە ناوی سوسیالیزم، سەرمایەداری دەپارێزێ و هەڵیدەسووڕێنێ".

جێگای سرنجە کە حیزبی دێموکرات لە بەرنامەی خۆیدا، هیچ کات باسی لە ڕووخاندنی سەرمایەداری نەکردووە. لەلایەکی دیکەوە، دوکتور قاسملوو هەوڵی دا حیزبی دێموکرات بکا بە ئەندام لە ڕێکخراوی سوسیالیست ئەنترناسیۆنال، ڕێکخراوێک کە پابەندە بە سوسیالیزمی دێموکراتیک. خاڵی جێگای سرنج ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوەیە نەتەنیا حیزبی سوسیال دێموکراتی وەک ئەندام وەرگرتووە، بەڵکوو بە پێی زەمان سوسیالیزمی دێموکراتیک و سوسیال دێموکراسی ئاوێتە کردووە. کەوابوو، هەرچەند دوکتور قاسملوو لە ساڵانی دوایی ژیانیدا ئەو مەسەلەیەی لە شکڵی دەقێکدا ڕوون نەکردەوە، بەڵام هەم پێشبینی ئەوەی کردبوو کە یەکیەتی سۆڤییەت بەرەو گۆڕان دەڕوا، هەمیش لە بەرنامەیدا بوو سەردانی ئەمریکا بکا. لە گەڵ ئەوەی "کورتە باس" دوادەقی دوکتور قاسملووە لەمەڕ سوسیالیزم، بە کردەوە هەم لە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی سوسیالیست ئەنترناسیۆنال، هەم پەیوەندیگەلێک کە لەگەڵ حیزبە سوسیال دێموکراتەکانی ئەورووپا گرتبووی، هەمیش دانانی بەرنامە بۆ سەردانی ئەمریکا، کۆی ئەمانە پێمان دەڵێ کە دوکتور قاسملوو لە ڕاستیدا لە کۆتایی دەیەی ١٩٨٠، حیزبی دێموکراتی بەرەو سوسیال دێموکراسی بردبوو. بەو پێیە، سوسیالیزمی دێموکراتیک و سوسیال دێموکراسی دوجار ئاوێتە بوون و بوون بە یەک ڕەوتی فکری و سیاسی.

### کۆنگرەی ١٦ و سوسیالیزمی دێموکراتیک

وەک وترا، جەوهەری سوسیالیزم لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکراتەوە، دادپەروەری کۆمەڵایەتییە. لە بەرنامەی حیزبدا، پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٦، جەخت لەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی وەک ئامانجێکی نەگۆڕ کراوەتەوە. ئەگەر وردبینەوە لە بەرنامەی حیزبی دێموکرات، دەبینین کە پێناسەی حیزبی دێموکرات لە "سوسیالیزمی دێموکراتیک" جیاوازیی لە گەڵ سوسیال دێموکراسیدا نییە.

بەو پێیە، حیزبی دێموکرات پابەندە بە بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی، بەڵام نەک بە شێوەیەکی دۆگماتیک. حیزبی دێموکرات ئامادەیە بەردەوام پێداچوونەوە بە بنەما فکرییەکانی خۆیدا بکا، هەرچەند دابینکردن و پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد وێڕای خەباتی بەردەوام بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئەسڵی نەگۆڕن لە فەلسەفە و سیاسەتی حیزبی دێموکراتدا.

بێگومان، بیرۆکەی سیاسی قاسملوو بەرهەمی سەردەمی خۆی بوو، بەڵام ئەوەی قاسملوو لە کەسانی دیکەی سەردەمی خۆی جیا دەکاتەوە، دینامیزمی ڕووناکبیری ئەو ڕێبەرەی کورد بوو. بۆیەش هاوکات کە بیرۆکەی سیاسی قاسملوو بەرهەمی سەردەمی خۆی بوو، دینامیزمی ڕووناکبیری دوکتور قاسملوو وای کردبوو کە بتوانێ لە زۆر ڕووەوە لە پێش سەردەمی خۆی بێ.

حیزبی دێموکرات بەردەوام بەرەوڕووی ئەو ئەرکە دەبێتەوە کە بتوانێ دینامیزمی فکری هاوشێوەی ڕێبەرێک وەک دوکتور قاسملوو لەخۆیدا بگونجێنێ. هەرچەند ئەو گۆڕانانەی لە پێکهاتە و بەرنامەی حیزبی دێموکرات کە لە کۆنگرەی ١٦دا کران دەبوا زووتر ئەنجام درابان، بەڵام دیسانەوە حیزبی دێموکرات نیشانی دا کە حیزبێکی دینامیکە و پابەندە بە نەریتێک کە قاسملوو دایهێنا، کە بریتییە لە پێداچوونەوە و خۆگونجاندن لە گەڵ گۆڕان لە ئاستی جیاوازدا.

هەرچەند دوکتور قاسملوو بە جەستە نەماوە، بەڵام میراتی فیکری و سیاسی لە حیزبی دێموکراتدا زیندووە. ئەو میراتە هەر زیندوو دەمێنێتەوە، ئەگەر بێت و حیزبی دێموکرات دینامیزمی فیکری لە خۆیدا ڕابگرێ.



# قاسملوو،
# ڕێبەرێک کە کۆمەڵگاکەی خۆی بەباشی ناسی



جەماڵ فەتحی

ئەگەر بەپێی تایبەتمەندییە گشتیی و پێوەرە ستانداردە جیهانییەکان، ڕێبەرەکان پێناسە بکرێت، ڕێبەر بەو کەسە دەڵێن، کە جیا لە ناسینی کۆمەڵگاکەی خۆی و مێژوو و بەسەرهاتەکانی، دەبێت لەسەر لانیکەم نەتەوەکانی دەوروبەری خۆی شارەزاییەکی تاڕادەیەک باشی هەبێت، جیا لەمانە دەبێت خاوەن دوو تایبەتمەندیی بەرچاوی دیکە بێت، هەتا ناوی لە لاپەڕەکانی مێژوودا بە درەوشاوەیی بمێنێتەوە، یەکەم ئەوەیکە ئەو ڕێبەرە دەبێت خاوەن بەرنامە و پرۆگرامێکی زانستی و ئانالیزکراو بێت، هەتا بتوانێت بەپێی ئەو بەرنامەیە کۆمەڵگا ئیدارە بکات و بەڕێوەی ببات.

کۆمەڵگای کوردستان بە هۆی ئەوەیکە زیاتر لە دوو هەزار ساڵە لەژێر چەپۆکی داگیرکەرانە، قەت نەیتوانیوە دۆخێکی ئاسایی و ئاشتییانە تێپەڕێنێت، لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژووی ئەم گەلە، بلیمەت و سوارچاکگەلێک سەریان هەڵداوە کە بەر لە هەموو کەسێک هەستیان بە چەوساندنەوەی نەتەوەکەیان لە لایەن داگیرکەرانەوە کردووە، واتە بە هۆی ورەی بەرز و بلیمەتبوونیان نەیتوانیوە کۆیلەتی لەژێر دەستی نەتەوەکانی دیکە قەبووڵ بکەن.

ئەگەر بەپێی پێوەری لۆکاڵی ئاستی کەسایەتی و ڕاندومانی کاری ئەم کەسە هەڵکەوتووانەی کۆمەڵگای کوردی هەڵبسەنگێنین، ڕەنگە ئاستەکان زۆر جیاواز نەبێت و تەنیا وەکوو کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر دەربکەون، بەڵام ئەگەر بەپێی پێوەرە جیهانییەکان سەیریان بکرێت، مەوداکان زۆرتر دەبن و کاریگەریی و ڕاندومانەکان بە شێوەیەکی زانستییانە و ئاکادمییانە هەڵدەسەنگێندرێن.

زۆربەی ڕێبەرانی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاریی گەلەکەیان گیانی خۆیان بەخت کردووە و هەر ئەم گیانبەختکردنە یەکێک لە پێوەرەکانی کاریزمابوونی ڕێبەرانی گەلی کورد لە نێو کۆمەڵگا و تەنانەت ڕێکخراوەکانی خۆیانن، چونکە کۆمەڵگای کوردەواری بەردەوام تامی تاڵی بندەستبوونی چێشتووە، ئەو کەسەی کە لە ڕێگای ئازادیدا شەهید دەبێت لە بیر و زەینی تاک بە تاکی کۆمەڵگادا دەمێنێتەوە؛ هەر ئەم تایبەتمەندییەی بووەتە هۆی ئەوەیکە وەکوو نەتەوەیەکی شەهیدپەروەر لێک بدرێتەوە، بەڵام حیزبی دێموکرات کە یەکەمین حیزبی مودێڕنی کوردە، هەر لە بنەڕەتەوە دێموکراسی و ئاشتیی بۆ چارەسەری پرسی کورد بە باشترین و گونجاوترین ئامرازی خەبات زانیوە و دێموکراسی تەنیا وەکوو چەمک و ناو هەڵنەگرتووە، بەڵکوو بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی دێموکرات و بەختەوەر هەر لە سەرەتاوە خەباتێکی بە دژی باوەڕە ئیدئۆلۆژییەکانی کۆمەڵگای خۆی دەست پێ کرد و سەرەڕای کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێشوو زۆرێک لە نەریتە جێکەوتووەکانی نێو بزاڤی کوردی بردووەتە ژێر پرسیار و جێگرەوەی بۆیان دیاری کردووە.

یەک لەو کەسانەی کە لە خەباتی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت حیزبی دێموکرات لەسەر سڕینەوەی نەریتە جێکەوتووە نارەسەنەکان کاریگەریی بەرچاوی هەبووە، دوکتور قاسملووی نەمرە، کە دەڵێت: "ئێمە لە کاتی شەهیدبوونی هاوڕێیەکانمان ناگرین و شیوەن ناکەین، بەڵکوو ڕێگاکەیان درێژە دەدەین"، یان دەڵێت: "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە"؛ هەر لەم بارەوە لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "گەلێک کە ئازادی بوێت، دەبێت نرخی ئەو ئازادییەش بدات".

ئەم وتانەی دوکتور قاسملوو لە فەلسەفەیەکی کۆمەڵناسانە و هزرێکی سەردەمیانە و خوێندنەوەیەکی ژیرانە لە کۆمەڵگاکەی خۆی سەرچاوە دەگرێت، کە نیشانەی ئەوەیە ئەم ڕێبەرە کە گیانی خۆی لە ڕێگای ئازادی و بەختەوەریی نەتەوەکەی بەخت کردووە، باوەڕی بە شەهیدپەروەری نەبووە و لەسەر ئەو باوەڕە پێداگر بووە، کە شۆڕشگێڕ نابێت بۆ شەهیدبوون خەبات بکات، بەڵکوو دەبێت بۆ ئازادی و ڕزگاریی لە دەست دیکتاتۆرە پاوانخوازەکاندا بێتە نێو ڕیزەکانی خەبات و بەرخۆدانەوە، کە لەم ڕێگایەدا شەهیدبوون و برینداریی و سەدان چەرمەسەریی دیکە دێتە سەر ڕێگای خەباتگێڕان و ئازادیخوازانەوە.

یەکێکی تر لەو شتانەی کە کۆمەڵناسبوونی دوکتور قاسملوو دەسەلمێنێ، ئەوەیە کە ئەم ڕێبەرە هیچ کات هەوڵی نەدا شێوازێک لە خەبات دەست پێ بکات، کە کۆمەڵگاکەی یان ڕۆژهەڵات لەژێر بار و قورسایی ئەو خەباتە بمێننەوە، یان خەباتی ڕەسەنی ئەم کۆمەڵگایە بکاتە قوربانیی چەمکگەلێک کە بۆ تاکی کۆمەڵگا نامۆیە و نەزانێت بۆچی خەبات دەکات، چونکە هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی دووبارەی خەباتی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی سکرتێری د. قاسملوو، چەندین حیزبی دیکە لە ئێران و کوردستانیش سەریان هەڵدا، کە چەمک و دروشمی ڕواڵەت جوانیان هێنا کایەوە، کە لە تیئۆریدا ڕەنگە زۆر گونجاو و لەبەرچاو بووبێتن و کۆمەڵگای وێناکراوی ئەو چەمکانە بەختەوەرترین کۆمەڵگای جیهان بووبێت، بەڵام قەت لەگەڵ پێکهاتە و قەوارەی کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵات یەکیان نەدەگرتەوە، لەبەر ئەوەی خوێندنەوەی ئەم تێزانە خوێندنەوەیەکی زانستی و مێژووی نەبووە، بەڵکوو زیاتر خوێندنەوەیەکی هەستەکی و خەیاڵی بوو، کە زیاتر بە شێوەی ئاوات و ئارەزوو دەهاتنە بەرچاو هەتا ئەوەی کە تێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بن.

یەکێک لە هەڵەکانی خوێندنەوەی بزاڤەکانی کۆمەڵگای ئێران لەو سەردەمە ئەوە بوو، کە زۆربە بۆ ڕزگاریی خەڵک، ڕێڕەوی کۆمۆنیستێکی چەقبەستووانەیان گرتە بەر، کە لەگەڵ فەرهەنگ و نەریتی کۆمەڵگا نەدەگونجا؛ چونکە کۆمەڵگای ئەو کاتی ئێران لەژێر دەسەڵاتی پاشایەتی بوو، کە لەباری ناسیۆنالیستی و کۆمەڵایەتییەوە خۆی گرێ دابووە هەزاران ساڵ پێشەوە و دەیهەویست لە ڕێگای بووژانەوەی کۆنەست و چیرۆکە بەسەرچووەکان حکوومەتەکەی ڕابگرێت و ساڵانە بەشێکی بەرچاوی سامانی خەڵکی بۆ گرتنی جێژنی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی بەفیڕۆ دەدا، ئەم جۆرە حکوومەتە کە وەکوو سیستمە پاشایەتییەکانی ڕۆژئاوا نەک تەنیا فەرمایشی نەبوو، بەڵکوو بە هەبوونی سیستمێکی ئەمنییەتی توند بە ناوی ساواک لە هەموو کار و ئەرکێکی ئیدارەی وڵات دەستێوەردانی دەکرد، لە بەرانبەر ئەم سیستمە چەند جۆرە دژبەر سەریان ڕاست کردبووەوە، کە لە ناوەندی ئێران چەندین لایەن لەسەر هێڵی کۆمۆنیست و چەپدا خۆیان دەنواند و چەند لایەنێکیش لە شێوەی حکوومەتێکی ئایینیی عەداڵەتخواز خۆی ئاشکرا دەکرد، لە کوردستانیش حیزبی دێموکرات کە حیزبێکی سێکۆلار بوو بە خوێندنەوەی کۆمەڵگاکەی خۆی و حیزبی کۆمەڵە کە لەسەر هێڵە فێکرییەکانی مارکس و مائۆ خۆیان ڕێک خستبوو لە بەرانبەر ئەم ڕێژیمە "پاشایەتی" خەباتیان دەکرد.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، حیزبی دێموکرات کە لە کوردستاندا خاوەن مێژوویەکی ٣٣ ساڵە بوو، بە خوێندنەوەیەکی حەکیمانە و دروست لە کۆمەڵگای ئەو کاتی ئێران و کوردستان بۆ ئیدارەی وڵات سیستمی حکوومەتێکی دێموکراتی پێشنیار کرد، چونکە د. قاسملوو کە زۆرێک لە وڵاتانی ئورووپایی گەڕابوو، دەیزانی کە باشترین جێگرەوەی سیستمی پاشایەتیی ڕەها، حکوومەتێکی دێموکراتە؛ نەک سیستمێکی ئایدئۆلۆژیایی ئاخوندی یان کۆمۆنسیتییەکی چەقبەستووی کۆپیکراوی سەردەمی مارکس و لێنین لە ڕووسیەدا.

ئەوەی کە پێوەرە زانستییەکان دەڵێن: ڕێبەرێکی سیاسی دەبێت کۆمەڵناسیش بێت، لە کەسایەتی و قەڵافەتی د. قاسملوودا بەدی دەکرا، چونکە ئەو کاتەی کە قاسملوو بڕیاری دا، هەتا لە حیزبی توودە جیا ببێتەوە، باوەڕ و سۆزی کۆمۆنیستی ئانالیزنەکراو لە کۆمەڵگای ئێران زاڵ بوو و دڵی شێری دەویست کە لە بەرانبەر وەها باوەڕێکی زاڵ ڕابوەستێت، بەڵام چونکە قاسملوو هەم بە کردەوە و هەم بە خوێندنەوە و هەمیش کۆمەڵگاکەی خۆی و ئەو کۆمەڵگانەی کە بە لاساییکردنەوەی ناشارەزایانەی کۆمۆنیست تووشی مایەپووچبوون و دارمان هاتبوون، بەباشی دەناسی.

ئەگەر ئانتۆنی گیدێنز لە ساڵەکانی ١٩٩٨ زایینی بەملاوە، بە هۆی هێنانی تێز و تیئۆری "ڕێگای سێهەمی نۆژەنکردنەوەی سووسیال دێموکراسی"، یان "لە نێوان چەپ و ڕاستدا" توانی ببێتە ڕاوێژکاری تۆنی بلێر و بیل کلیتۆن کە سەرکۆماری دوو وڵاتی زلهێزی ئامریکا و ئینگلیز بوون و توانی بیسەلمێنێت کە جگە لە ڕاست و چەپ ڕێگایەکی سێهەمیش هەیە و بیرۆکەکانی وەکوو هەوێنی بەرنامەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بۆ ڕزگاربوونی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی لە دەست سووسیالیزمێکی نەگونجاو و شکستهێنراو بەکار هێنرا، د. قاسملوو چەند دەیە پێش ئەو لەم بیرۆکە پوختتر و بەرفراوانتر، واتە سووسیالیزمی دێموکراتیکی بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک پێشکەش بە حیزبەکەی و لە ڕاستیدا کۆمەڵگاکەی کرد، کە بە هۆی ناشارەزایی و تێنەگەیشتن لە ئامانجی قاسملوو، ژمارەیەک لە هاوڕێیانی خۆی لە هەمبەر ئەم بیرۆکە نوێیە ڕاوەستان، چونکە پێیان وابوو ئەم بیرۆکە سووسیال دێموکراسییە و خزمەتێکە بە دنیای سەرمایەداری و بە ڕاوەستان لە بەرانبەر قاسملوو بە دژی هەموو سەرمایەدارییی ڕاوەستاون و بەم جۆرە شۆڕشگێڕییان لە پێناو دادپەروەریدا مسۆگەرتر دەبێت، ناشارەزا لەوەی کە ئەم بەرنامەیەی قاسملووی ئابووریزانی سیاسەتڤان و کۆمەڵناس، جیا لەوەی کە بەرنامەیەکی ئابوورییە، دنیایەک خوێندنەوەی زانستی و کۆمەڵناسیی لە پشتە.

یەکێکی تر لە خاڵە بەرچاوەکانی قاسملوو بۆ ئەوەی پێمان بسەلمێت کە قاسملوو تەنیا سیاسییەکی وشک نەبوو و بەپێی ڕاستی و واقعیەتەکانی کۆمەڵگا سیاسەتی دەکرد، ئەوە بوو کە هەرچەندە قاسملوو چەپێکی بەتەواو مانا بوو، بەڵام هیچ کات وەکوو حیزبە چەپەکانی دیکەی ئێران و کوردستان لە هەمبەر باوەڕی خەڵکەکەی دروشمی هەڵنەگرت و پێداگری نەکرد، کە خەڵکەکەی تووشی دڵساردی و قاربوونی سیاسی بکات. سیاسەتی دڵڕاگرتنی خەڵک لە باوەڕی قاسملوودا، لە سیاسەتی پۆپۆلیستیی فریوکارانە سەرچاوەی نەدەگرت، بەڵکوو زیاتر بەو هۆیەوە بوو، کە قاسملوو بەباشی کۆمەڵگاکەی خۆی ناسیبوو و لە دڵەوە ڕێزی بۆ باوەڕی ئەو کەسانە دادەنا کە خەباتیان بۆ دەکات و هەروەها چەند تایبەتمەندی پێویست و بەرچاو وەکوو: "دێموکراتبوون"، "سیاسەتڤان"، "کۆمەڵناسبوون" و "نەتەوەیی و نیشتمانپەروەربوون" کەسایەتیی د. قاسملووی وا بار هێنابوو، کە هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگاکەی بەپێی پێوانە و پارامێتری هەر کام لەم چەمکانە لەجێی خۆ بوو و هیچیانی قوربانیی ئەوی دیکە نەدەکرد، واتە دەیهەویست کۆمەڵگایەک بونیات بنێت، کە هەموو تاکێک بە هەر بیروباوەڕێکی مرۆڤانەوە تێیدا بەختەوەر بێت و لە سێبەری دێموکراسییەکی یاسامەند و دادپەروەرییەکی ڕاستەقینە کۆمەڵگا بحەسێتەوە.

ئەگەرچی قاسملوو دەیتوانی حیزبێکی دیکە جیا لە حیزبی دێموکرات دابمەزرێنێت، بەڵام بە خوێندنەوە و وردبوونەوە لە بەستێنی کۆمەڵگاکەی خۆی کە هەڵگری حیزبێکی دیکە نەبوو، خەبات و تێکۆشانی خۆی لە ڕێڕەوی حیزبێکدا درێژە پێ دا، کە لە دڵی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕیشەی داکوتابوو، ئەگەرچی حیزب خاوەن پێگەیەکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆی وڵات بوو، بەڵام قاسملوو ئەو پێگەیەی بە کاری دیپلۆماسیی بۆ نێو دڵی ئورووپا گواستەوە و لە بواری پشتیوانیی دەرەکی هەم لە دەوری حیزبی دێموکرات و هەم نەتەوەی کورد، کۆمەڵێک پشتیوانی کۆ کردەوە، کە لە کاتی پرۆسەی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەوە دۆست و یارەکانی د. قاسملوو بوون، کە بە هانای کوردەوە هاتن و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتیوانیان لە سەربەخۆیی کوردستان دەکرد.

هاندانی ژنان بۆ پەیوەستبوون بە ڕیزەکانی خەبات یەکێکی تر لەو بەڵگانەیە کە دەیسەلمێنێت قاسملوو بەباشی لەوە تێگەیشتبوو، کە ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بەشخوراون و هەمیشە لە لایەن پیاوانەوە چەوسێندراونەتەوە، بۆیە بەردەوام ژنانی هان دەدا کە بەشێک لە ئەرکەکانی خەبات وەئەستۆ بگرن، چونکە لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کۆمەڵگای کوردەواری کە نیوەی حەشیمەتەکەی ژنە، هەتاکوو ژن لەو خەباتە وەکوو پیاو دەور نەگێڕێت، ئەو خەباتە سەرکەوتوو نابێت و هەتا پرس و دۆزی ژن لە کۆمەڵگا چارەسەر نەکرێت، کورد بە مافە نەتەوەییەکانی خۆی ناگات.





# جوغرافیای کوردستان له دیدی دوکتور قاسملووەوە!



ئاوات سارۆج

کوردستان وەک جوغرافیایەک پان و بەرین دابەش بووە بە سەر چوار دەوڵەتدا؛ لە هەر پارچەیەک لەم وڵاتە بە هۆی نەبوونی دەسەڵات، سیستم و لایەنی خودی و خۆبەڕێوەبەری، لە درێژایی مێژووی داگیرکراوبوونیدا، هیچ کات سنووری دیاری نەبووە و بگرە هەر لایەن و دەسەڵاتێکی حاکم بە سەر کوردستاندا جوغرافیایەک لە گۆڕەی خۆی و بۆ ئیدارە کردن و حاکمیەت بە سەر ئەم وڵاتەدا بە ڕاشکاوی باسی جوغرافیای دیار و مێژوویی کوردەوە نەکراوە و بگرە وەک نەتەوەیەک دیار لە بواری مێژوو-نەتەوە یاخود جوغرافیای مێژوویی وڵاتێک نەخشەیەک ناقس و پڕ لە گرفت و ئیشکاڵ دەکەوێتە بەر چاو کە بە هەر هۆیەک بێت هەتا ئێستا سنورێکی دیار بۆ وڵاتی کوردان دیاری نەکراوە!

بۆیە لە لایەنی زانایان و جوغرافیناسانەوە تەنانەت ئەگەر کوردیش بن دیسان بە موشەخەسی ئەم سنووره دەست نیشان نەبووە کە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ناشارەزایی لە بواری ناسینی جوغرافیا و نەخشەیەکی ژئۆپولتیکی –مێژووییەوە!

لێرەدا بە ئاماژە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک جوغرافیایەکی ناموشەخەس و بگرە ناڕوون لە بواری ژئۆپۆلێتیک، مێژوو و تەنانەت ڕێژەی دانیشتوانی ئەم بەشە لە کوردستان، بابەتێک کەم تافرە ڕوون و دیار وەک سەرچاوە لە کوردستان و کورد لە نووسینی شەهید دوکتور قاسملوو، ئەوەش تاڕادەیەک جوغرافیای بەشێک لە کوردستان کە هەمان ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان کوردستانی بندەستی ئێران بێت دیاری دەکرێ کە تەرکیز لە سەر بەشی خوارەوەی کوردستان وەک بەشی جنوبی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە بە دیاری زاگرۆس دەناسرێت!

دوکتور قاسملوو باوەڕییان وابووە کە دیاریکردنی سنوری هەموو کوردستان کەمێک گرانە؛ ئەوەیکە لە شیمالی ڕۆژهەڵاتی لووتکەی ئاراراتەوە هەتا بەشی جنوبی زاگرۆس و پشتکۆ، ئەوەش هەتا شاری موسڵ لەوێرا بگرە بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان تا لە بەشی شیمالی کوردستان(باکووری کردستان) دەگاتە ئەرزەڕۆم و لەوێش تا دەگەڕێتەوە بۆ لووتکەی ئارارات کە ئەم چوارچێوە پان و بەرینە تاڕادەیەک جوگرافیای کوردستان دیاری دەکات کە خۆی بێ ئیشکاڵ نییە!

لە لایەکی تر، بەرفراوانتر ئەم جوغرافیایە دێتە بەر باس و لە ئاراراتەوە تا دەگاتە کەنداوی ماد (هەمان خەلیجی فارس یان شەتولعەرب)و دەریای مەدیتەرانە، سنوری بەرفراوانی کوردستان دیاری دەکرێت کە لێرە لە بەشی جنوبی زاگرۆس هەتا خوزستان و بگرە چوارمەحاڵی بەختیاری تا سەر لێواری کەنداو سنوری کورد و عەرەب ،کورد و لوڕ، و بەشێکی کەم لە سنوری لوڕ و فارسیش شمول دەکات!

دەتوانین بڵێین ئەم سنور دیاریکردنە خۆی ڕوانگەیەک جوغرافیایی-مێژووییە کە نەتەوەی کورد بە هەزاران ساڵ لە بەشی شیمالی و جنوبی زاگرۆس بە شێوەی بەربڵاو ژیاون و زنجیرەکوێستانی زاگرۆس لە باشووریترین نوقتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەتا باکووریترین نوقتە لە باکووری کوردستان (کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا) وەک لەباری مێژوویی- نەتەوەییەوە خۆی دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە وەک یەکجانشینی،کۆچبەری لە جوغرافیایەکی دیاریکراو وەک کوێستان و گەرمێن، موڵکیەت و خاوندارییەتی لەم زنجیرەیە لە لایەنی دانیشتووانی سەرەتایی ئەم جوغرافیایە زیاتر کوردەکان بوونە و دەکرێ نەتەوە یان هۆز و قەبیلەگەلێکی دیکەش لەگەڵیان وەک دراوسێ ژیابێتن بەڵام لە دانیشتوانی خاوەن موڵک و ماوا بە ناوی کورد، گورد، گەوران، گوردان و بە گشتی مادەکان وەک دوو بەشی سەرەکی گوتی و لوولوویی کە لە تۆرەمەی عەشیرەتەکانی زاگرۆسن دەگەڕێنەوە سەر دانیشتوانی ئەم جوغرافیایە کە کوردەکانن و بە بەشی گەورەی نەتەوەی ماد ناسراون.

دوکتور قاسملوو لە چەندین بابەتدا وەک ئاماژە بە بەشی خوارووی کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک جنوبی زاگرۆس، پشتکۆ، مەڵبەندی کرماشان، مەڵبەندی لوڕستان و بگرە ئاماژە بە مەڵبەندی هەمەدانیش دەکات کە لە جوغرافیای مێژووی هگمەتانەوە سەرچاوە دەگرێت!

لێرەدا ڕێژەی دانیشتووان، شێوەزار، فەرهەنگ، زمان و شێوەی ژیان و تەنانەت باسی ئابووری و داهاتی ئەم بەشانە لە بواری کشتوکاڵ و بەگشتی سەرچاوەی ژیان و داهاتەوە بە شێوەیەک زانستی باس دەکات کە دیارە لە ئامار و ڕێژەی دانیشتواندا هەر چەندە ئامارێکی دەقیق و حەقیقی لەبەر دەستدا نییە مەبەست گرێدانی مەڵبەندەکان بە جوغرافیایەک بە ناوی کوردستانە کە لە چەندین بواردا ئاماژەیان پێکراوە .

هەروەها لە بەشی جنوبی زاگرۆس و پشتکۆ کە هەموو جوگرافیای ئیلام و بگرە تا سنوری خوزستانیش دەگرێتەوە، بە ئاماژە بە ژیانی دانیشتوان، شێوەزار و دیالێکتەکان، زیاتر باسی کورد و لوڕ دەکرێ کە کورد وەک گوتی و لوڕ وەک لوولوویی هەر دوو وەک دوو بەشی سەرەکی لە مادەکانن کە دیارە یەک زمان، یەک جوغرافیا و یەک قەڵەمڕۆیان بۆ ژیان و پێکەوە بوون بووە کە لێرە دەکرێ بە وردییەوە باس بکرێت چونکە لوڕ ئەگەر بەشێک لە ماد نەبێت واتە ئەگەر کورد نەبێت یان لەگەڵ کورددا هاوخوێن و برا و یەک نەبێت ئایا بەڵگەیەک هەیە کە پارس بوونی لوڕەکان بسەلمێنێت؟!

لە باسی دیکەدا نزیک بوونی شێوەزاری لوڕی بە زمانی کوردی بەتایبەت شێوەزاری لەکی و کەلهوڕی لە پشتکۆ و بەشی جنوبی زاگرۆس، هەروەها فەرهەنگ پووشش و شێوەی ژیانی ئەم دوو بەشە لە ماد وەک کورد و لوڕ ئەوەندە بە یەک نزیکە کە دوکتور قاسملوو لە نێوانی کوردی خوارەوەی کوردستان وەک باشووری زاگرۆس و کەلهوڕەکان بە تایبەت لە بواری ئاخاوتندا لەیەکچوون و نزیک بوونیکی زمانی دەبینێت کە جوداکردنەوەیان لە یەک بڕێک ئاستەمە!

زیاتر ئەو لوڕستانە کە بە مەرکەزیەتی خۆڕمائاوایەو بە لوڕستانی بچووک ناسراوە و ئەم مەڵبەندە وە یەکچوون و یەکبوونی لەگەڵ کرماشان و ئیلام یاخود بەشی پشتکۆ و جنوبی زاگرۆس هەتا نزیک بە بەختیاری و قەشقایی لە بواری زمانەوانی، فەرهەنگ، مێژووی هاوبەش و هاوخوێنییەوە ئەم جوغرافیایە بەرفراوانە بە بەشی دانەبڕاوی کوردستان دەزانێت و هیچ جیاوازییەک لە نێوانی مەڵبەندی لوڕستان و مەڵبەندەکانی دیکەی کوردستان نابینێت وەک نموونە بۆ بەدەستهێنانی ئامار و ئەرقامی داهات و ئابووریی مەڵبەندێک لە سیستەمی عەشیرەتی و مڵکداریدا وەک خاوەن زەوی و وەرزێر و ..... خۆڕمئاوا وەک نموونە دێنێتەوە کە جاران شێوەی ژیان و مڵکداری و کشتوکاڵیان چۆن بووە و ئەو داهات و دەسکەوتە چۆن دابەشکراوە.

هەروەها لە ڕۆژهەڵات و زنجیرەکێوی زاگرۆس باسی کەشوهەوا، بەرزاییەکان، چۆم، دۆڵ، ڕووبار و پێدەشتەکان، گۆلەکان، لێڕەوار و ... دەکرێ کە لە بەرهەمە ژێرزەوی و کانزاکاندا کە لە کوردستان نەوت، زێڕ و ... زۆر ماددەی کانزایی دیکەش دەس دەکەوێت و ئەمەش نیشانەی دەوڵەمەندی جوغرافیای پان و بەرینی کوردستانە و لێرەشدا لە مەڵبەندی لوڕستان ئاماژە بە کانگای مس دەکات!

لە مەڵبەندی لوڕستان و بگرە پێوەندی خوێنی، نژادی، زمانی و یەک بوونی لوڕ و کورد ئاماژە بە کەسایەتی و بەدەسەڵات گەیشتنی کەریمخانی زەند دەکات کە ئەم کەسە وەک باوک و باپیر یاخود بنەماڵەکەی لە دوو بەشی لوڕ و لەک یان لوڕ و کەلهوڕن کە هاوخوێنی و پێکەوەبوون و تەنانەت یەکبوونی کورد و لوڕ لە سەردەمی کەریمخانی زەندیش دووبارە زیاتر بە ڕوونی وەک یەک نەتەوە بە بەرچاو دێت.

ئەوەیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک جوغرافیا باس دەکرێت لە بواری سیاسی - مێژووییەوە وەک ڕێژە و مەڵبەندی ژیان بۆ دانیشتووان وەک مڵکیەت و خاوەندارییەت لە زنجیرەچیای زاگرۆس دێتە بەر باس زیاتر بە پێی بەڵگە مێژووییەکان چ ڕۆژهەڵاتی و چ ڕۆژئاوایی، هەتا کەنداوی ماد (ناسراو بە خەلیجی فارس یان شەتولعەرەب!) ئەم جوغرافیایە وەک دارستانی بەڕوو ناسراوە و قەڵمەڕەو ژیان و پێکەوە بوونی هۆز، عەشیرەت و هەموو دانیشتووانەکە کورد و لوڕن و مێژووی ڕاستەقینەی ئەم جوغرافیایە پێکەوەژیانی کورد و لوڕە کە خۆی سەلمێنەری ئەوەیە تەنانەت ئەگەر لە دەڤەر یان بەشێک لە کوردستاندا بە تەبعیدکردن و گواستنەوەی بەشێک لە کوردان و نیشتەجێکردنی غەیری کورد لەو جوغرافیایەدا کردەوەیەک ئاوها بووبێت کە هەبووە بەڵام نەکراوە و ناکرێ کە جوغرافیاکەشی بگۆڕن. لێرەشدا ژماری زۆری دانیشتووان لە جوغرافیایەک کە گومانی لەسەر بێت ئەو دانیشتووانە لە ئەساسدا کۆچبەرن یان کۆچێندراون یاخود بەئەنقەست بۆ گۆڕینی دێموگرافی نوقتەیەک لەو جوگرافیایە ئەم کردەوە لە لایەنی دەسەڵاتەوە ئەنجامدرابێت ئەم بابەتە لەسەر بەشی شیمالی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بگرە پارچەکانی دیکەی کوردستان سدق دەکات کە دەسەڵاتی زاڵ بە سەر کوردستاندا هەموو جارێک بە دورخستنەوەی دانیشتووانی مەنتەقەیەک هەوڵی گۆڕینی دێموگرافی وڵاتێکی داوە کە لە ئێران بە فارسکردن، لە عێراق و سوریە بە تەعریبکردن و لە تورکیاش بە تورکی کێوی ناوبردنی نەتەوەیەک هیچکات نەیانتوانیوە ئەم دیمەنە بگۆڕن یان لە کاتی گۆڕینی ئەم دیمەنە کەمتر سەرکەوتوو بوونە!

لە بەشی خوارووی کوردستانیش واتە باشووری زاگرۆس ئەگەر ئەم کردەوەش ئەنجام درابێت دیسان ئاسانە کە جوگرافیاکەی بناسێندرێت کە هی کام نەتەوە بووە و هەیە.

لە کۆتاییدا دوکتور قاسملوو لە کتێبی کوردستان و کورد بە ئاماژە بە سەرچاوەکان و هەروەها زانستی سیاسی –ئابووری و کۆمەڵناسی خۆی بە خوێندنەوەی دروست و دەقیق لە مێژوو، زمان و جوغرافیای نەتەوەیەک لە تەئیید یان ئاماژەکردنی سەرچاوەکان مۆری کوردستانی بوونی زۆر بەشی داگیرکراو لە پانتایی جوغرافیای کوردستان داوە و لە تەمەنی موبارزە و تێکۆشانی خۆیدا تەنانەت بە هێنانی ناوی مەنتەقەیەک هەتا ئەگەر زۆریش دوور بووبێت و دەنگیشی بە ئەو دیارە نەگەیشتبێت دیسان هەوڵ و تەقەلای ناساندنی جوغرافیای سیاسی و دێموگرافی کوردستانی داوە و لە بوارە جوراوجورەکاندا بۆی داوە.

کەچی ئێستاش سەرەڕای نادیاربوون و ناڕوونی جوغرافیای کوردستان لە هەموو بەشەکان بەتایبەت لە بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە جنوبی زاگرۆس و هەروەها لە بەشی شیمالی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ زیاتر سەرچاوە مێژوویی، نەتەوەیی و مڵکیەتی مێژوویی دانیشتوانی ئەو دەڤەرانە لە بەرچاو بگیردرێت و پێوەر بێت چونکە سیستمی دەسەڵاتدار و حاکم بە سەر کوردستاندا نزیک بە یەک سەدەیە بە جیددی هەوڵی گۆڕینی ئەم دێموگرافیایەی داوە و لە پیلانی سەندن و وردکردنی زمان، فەرهەنگ، داب و نەریت و هەروەها بە سیاسەتی لەنێوبردنی کیانی نەتەوەیەک هەوڵی ئاسمیلاسیۆنی داوە و گۆڕینی دێموگرافی و بە غەیری کوردستانی ناساندنی جوغرافیایەک لە بەرنامە، سیاسەت و پیلانە درێژخایەنەکەیدا بووە و کوردیش وەک پێویست لەم موڵکە مێژوویی و قەڵەمڕەو و جێگەی ژیانی ئەژدادی خۆی خاوەندارییەتی نەکردووە.

# تێز و کردەوەکانی قاسملووی حەکیم، دەوای گرفتە سیاسییەکانی گشت بەشەکانی کوردستانە!

شەریف هەژاری

لەم بابەتە کورتەدا، هەوڵ نادەین باس لە لایەنەکانی دیپلۆماسیەتی قاسملوو وەك دەوڵەتێك، دیدی خۆرئاواییەکان بۆ قاسملوو وەك فەیلەسوف و حەکیمێك، قاسملوو و زانستی کوردناسی، قاسملووی زمانزان، قاسملووی نووسەر، قاسملووی ڕۆژنامەنووس، قاسملووی ئەکادێمیست، قاسملووی موفەکیر، قاسملوو و داهێنانی حیزبی مۆدێرن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، قاسملووی ڕێبەری ڕێبەرانی کورد و ناساندنیان بە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان، قاسملوو و داهێنان و پراکتیزەی ئەخلاق لە کایەی سیاسیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تێز و کردەوەکانی قاسملوو وەك ناوەندی مرۆڤگەرایی، تێکۆشانی قاسملوو بۆ مۆدێرنکردنی نەتەوەی کورد و ترازاندنی لە بیری تەنگەتیلەی خێڵەکی- ناوچەگەرایی و فەردپەرستی، قاسملوو و مافی یەکسانی ژنان و هتد، بکەین. چونکە هەر یەکێك لەم ناونیشانانەی سەرەوە، ئەکرێت چەندان توێژینەوەی زانستیان لەسەر بکرێت، بەو پێیەی تێفکرینەکانی قاسملوو "مەدرەسەیەکی شۆڕشگێڕی قووڵە و زۆر مشتومڕی دەوێت"، بۆیە تەنیا لەم چەند ڕەهەندەی خوارەوە لێی دەدوێین:

١- تێفکرین و کردەوەکانی قاسملوو و دژایەتیی تیرۆریزم

بەپێی تێز و کردەوەکانی، قاسملوو هەموو کارێکی تیرۆریستیی (فڕۆکەڕفاندن، بە بارمتەگرتن، تەقاندنەوەی ڕێگاوبان، خۆتەقاندنەوە، سڤیل کردنە ئامانج، قسەوتن و جنێودان و تیرۆری فکری) ڕەد کردۆتەوە و لە حیزبەکەشیدا یاساغی کردووە، تەنانەت تێفکرینەکانی کاریگەری لەسەر حیزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش داناوە.

کاتێك قاسملوو بە(تیۆری و پراکتیك) دژی هەموو جۆرە کارێکی تیرۆریستی، دەوەستایەوە، ئەوکات نەك هەر تاکەکانی کورد ئاشنا نەبوون بە مەترسییەکانی تێوەگلان بە کاری تیرۆریستیی و تیرۆری فکریی، بگرە زۆرێك لە حیزبەکانی پارچەکانی تریش نەیاندەزانی گەر خوو بدەنە (هەر کردەوەیەکی تیرۆریستی)، چ زیان و گورزێکی نێودەوڵەتی بە کورد و دۆزەکەی دەگەیەنێت.

(شاهیدحالەکان ماون)، حیزبێکی کاریگەری باشور بە هەندێ کاری توندوتیژی تێوەگلابوو، کاتێك قاسملوو مەترسییەکانی ئەو کارانەی لەسەر دۆزی کورد بۆ سکرتێری حیزبەکە ڕوون کردبوویەوە، ئیدی سکرتێرەکە لەوە گەشتبوو کە نابێت گورزی پارتیزانانە و کردەوەی تیرۆریستییانە تێکەڵ بکرێن، بۆ ئەوەی دۆزی کوردی پێ لەکەدار نەکرێ و کورد بەگشتیی باجی ئەو کارانە نەدەن!

قاسملوو وەك سیمبولێکی دژایەتیی تیرۆریزم، هەوڵی زۆری دا و باجی گەورەشی دا، کە دۆزی نەتەوەکەی بە هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستیی و توندوتیژییەوە نەگلێت.

٢- قاسملوو و بەجیهانیکردنی دۆزی هەڵەبجە

قاسملوو جوامێرانە تەواوی هەوڵەکانی ساڵانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ ی خستەگەڕ بۆ ئەوەی دۆزی هەڵەبجە بباتە ناو کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانەوە؛ تەنیا دوو نموونە دێنمەوە:

لە ڕۆژی شەممە(بەرواری: ١٥-٧-١٩٨٩)، لە لاپەڕە (١٦) ی بڵاوکراوەی (The Times)دا، دەقاودەق ئاوها تەحلیل بۆ ئەم خەباتەی قاسملوو کراوە: ((قاسملوو لە مانگی سێی ساڵی پارەوە زۆر لە سەدام حسێن تورەیە بە هۆی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی کوردەکانەوە و لە تەواوی کۆبوونەوەکانی ئەورووپاشیدا ئەو باسەی دەهێنایە گۆڕێ. قاسملوو هەرە ڕوناکبیرترین ڕێبەری کورد بوو کە لە مێژووەوە تاهەتایە کورد بەرهەمی هێنابێت!)).

پرۆفیسۆر جمال نەبەزیش دەڵێت: ((ئەم هەنگاوە سەربەخۆ و نەترسانەی قاسملووی زانا، وایکرد ڕژێمی بەعس بیر لەوە بکاتەوە کە لە ڕێگەی موجاهیدینی خەلقەوە گورز لە حیزبەکەی قاسملوو بوەشێنێت، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٨ کەمینەیەکی لە حیزبەکەی جیاکردەوە!)).

٣- قاسملوو و ڕێگەنەدان بە پێشێلکردنی دێموکراسیەت

قاسملوو لە بە دیسیپلینکردنی دێموکراسیەتدا، باجی زۆری داوە. بەتایبەت لەگەڵ ئەو کەمینانەی کە لە حیزبی دێموکرات جیادەبنەوە و ڕەوایەتیی کۆنگرەیان بە دەست نەدەهێنا، کەچی ویستوویانە کەڵکی ئۆپۆرتۆنیستانە لە ناوی (حیزبی دێموکرات)، وەرگرن.

لەم بارەیەوە د.قاسملوو تێفکرینی خۆی لە میتینگی مەهابادا بەمشێوەیە دەخاتەڕوو: ((تاقە یەك حیزبی دێموکرات لە کوردستانی ئێراندا، هەیە. ئەویش بە پشت بەستن بە ڕەوایەتیی کۆنگرە(واتە: بە پشت بەستن بە دەنگی زۆرینەی نوێنەرانی کۆنگرە!). هیچ کەسێکی دیکەش حەقی ئەوەی نییە کەڵك لە ناوی حیزبی دێموکرات وەرگرێت. ئەو کەمینانە هەرچی ئەموالی حیزبی دیموکراتیان لەلایە، دەبێت تەسلیمی حیزبی دێموکراتی بکەنەوە. چونکە حیزبی دێموکرات ئەو حیزبە نییە هیچ کەسێك لە کوردستاندا بتوانێ کەڵەگایی بەسەرەوە بکات! حیزبی دێموکرات حیزبی دێموکراتە! ئەو کەسانەی کە ڕۆشتوون دەبێت بۆ میللەتی کوردی ڕون بکەنەوە کە بۆچی ڕۆشتوون؟ چونکە حیزبی دێموکرات حیزبێکی سەرکەوتووە و حیزبی خۆشەویستیی میللەتەکەمانە و هەر کەس لەو حیزبە لابدات میللەت مەحکومی دەکات! جا ئەو کەسە چ عەبدولڕەحمانی قاسملوو بێت، چ هەرکەسێکی تر بێت. (لێرەدا جەماوەر دروشمی: درود بەر قاسملوو دەڵێنەوە)، د.قاسملووش دەڵێت: "نابێت ئەوەتان لەبیر بچێتەوە، کە فەردپەرستی لە حیزبی دێموکرات نییە، نابێت ڕێگا بە فەردپەرستی بدەین، چونکە زەرەرمان لێ دەدات".

قاسملوو پێی وایە: ((هەرگیز نابێت بە بیانووی خەباتی نەتەوایەتیی، پڕەنسیپەکانی دێموکراسیەت پێشێل بکرێت! بۆیە، قاسملوو هەرگیز (بە کردەوە) ڕێگای نەداوە، ئەوانەی کە دەنگ ناهێننەوە و ناوچەگەرایی وەك میکرۆبێکی کوشندە زیندوو دەکەنەوە، بتوانن ئۆپۆرتۆنیستانە خۆیان فەرز بکەن و ڕیزەکانی خەبات پەرت پەرت بکەن، بەڵکوو پڕەنسیپەکانی دێموکراسیەت، پێوەر و سەنگی مەحەك بووە!

د.قاسملوو تێفکرینیشی وایە:"بێ دەوڵەتێکی دیموکراتیی ڕاستەقینە مافی گەلی کورد بەتەواوی دابین ناکرێ و، بێ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردیش دەوڵەتێکی سەرکەوتووی دێموکراتیی پێك نایەت"!

٤- قاسملوو وەك (سیمبوول و ڕابەر و بزوێنەر و پارێزەر)ی مافی تەواوی نەتەوە نافارسەکانی ئێران

قاسملوو بە کردەیی هاندەر بووە و هەنگاوی گرنگیشی بەرەو هاوخەباتیی لەگەڵ نەتەوەکانی تری ستەملێکراوی ناو ئێران، ناوە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی وەك (شەریف هەژاری کە لە لامە و، بەشێکیانم لە کتێبی: موجاهیدنی خەلق و هەڵوێستی بەرانبەر نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان- چاپی ٢٠٠٨) بەکارهێناوە، د.قاسملوو گیانبازانە تێکۆشاوە فارسەکان قانع بکات کە دان بنێن بە مافی نەتەوەکانی تری ناو ئێران.

بەپێی بەڵگەنامەکان، د.قاسملوو زۆر بەچڕی و شێلگیرانە لە (شورای میللی موقاوەمەتی موجاهیدینی خەلقدا) ڕووبەڕوو بە مەسعود ڕەجەوی وتوویەتی: ((تۆ چۆن ئامادەی دان بنێیت بە مافی خودموختاریدا بۆ کورد، کە سنورەکەشی دیاری ناکەیت! کەچی ئامادە نیت دان بنێیت بە مافی خودموختاری بۆ گەلانی تری زوڵملێکراوی ناو ئێران کە ئەوانیش هاوشێوەی کورد لە مافە نەتەوەییەکانیان بێ بەشن!؟

ڕۆحیەتی هاوخەباتیی لەگەڵ نەتەوەکانی تر بۆ دژایەتیی زوڵمی دەوڵەتی فارسسەپێنی ناوەندی، لە گوتار و تێفکرین و کردەوەکانی قاسملوودا ڕەنگی دابوویەوە، هەروەك لە میتینگی مەهابادا دەڵێت: "سڵاو لە برایانی ئازەربایجانی، سڵاو لە برایانی بەلووچ، سڵاو لە برایانی عەرەب، سڵاو لە برایانی تورکمان، سڵاو لە برایانی ئاشوری، سڵاو لە برایانی ئەرمەنی، سڵاو لە برایانی کەلیمی، کە هاوخەباتانی ئێمەن لە شۆڕشی ئێراندا.

٥- خاکەڕایی و سادەیی قاسملوو وەك شوناسی لوتکەی شۆڕشگێڕیی

قاسملوو بەکردەوە و تێفکرین خاکەڕا و سادە و شۆڕشگێڕێکی تەواوەتیی بوو، لەم بارەیەوە تەنیا دوو نموونە دێنمەوە:

قاسملوو لە وتەکانیدا لە مەڵبەندی سپی سەنگ لە ساڵی ١٩٨٧ دەڵێت: "بە مەسئولیەتەوە قسە دەکەم، ئێمە لە خۆمان بایی نابین. چونکە مرۆڤی شۆڕشگێڕ لە تەنگانەدا نابێت خۆی بدۆڕێنێ و لە سەرکەوتنیشدا نابێت لە خۆبایی ببێت. مادەم گەورەترین هێزی شۆڕشگێڕین، کەوابوو مەسئولیەتێکی گەورەش دەخاتەسەر شانمان، بۆیە مەسئولیەتمان لە هەموو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران زیاترە.

نموونەی دووهەم، فایق گوڵپی کە ئێستا کەسایەتیەکی سەر بە پەکەکەیە، لەبارەی سادەیی و خاکەڕایی بوونی قاسملووەوە لەو سەردەمانەی کە فایق گوڵپی کادری یەکیەتی بووە، لە کتێبەکەیدا حەقیقەتێک دەگێڕێتەوەو نووسیویەتی: "کاتێک وەک کادرەکانی یەکیەتی هیوادار بووین ئەو ڕێبەرە گەورەیە ببینین، کە بینیمان تایبەتمەندییەکانی زۆر سەرنجی ڕاکێشاین. قاسملوو وەک پێشمەرگەیەکی ئاسایی سەرەی دەگرت بۆ ئەوەی بەشە چێشتی خۆی وەرگرێت، نە خواردنەکەی جیاواز بوو، نە نۆرەبڕینیشی دەکرد، ئیدی لە شاخ جیاوازی تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێبەرە ناوادارە و بەرپرسانی خۆمانم بۆ دەرکەوت!.

٦- قاسملوو وەك سیمبۆلێکی پڕئازاربەخشی قوربانی دەست تیرۆریزمی نێودەوڵەتی!

تیرۆری د.قاسملوو، سیمای مەزلومیەتی گەلی کوردی لە ئاستی گشت جیهان سەلماند. چونکە ئەو بیرمەندە بە ڕەگەز (کورد) بوو، بۆیە نەمسا خوێنەکەی دا بە نەوتی بەلاش، ئەگینا گەر هاووڵاتییەکی ئاسایی (ئەمریکی، بەریتانی، ئەڵمانی، ڕوسی، تورکی) بایە، نەمسا یاساکانی خۆی بۆ کەیسی تیرۆرکردنەکەی دەخستەکار.

پێموایە: (ئازادکردنی بە ئەنقەستی تیرۆریستەکان، هێندەی لە دەستدانی بلیمەتێکی وەك قاسملووی حەکیم، بەسۆ و پڕژانە!)، چونکە یاسا پێشکەوتووەکانی ئەورووپا و هزرە مرۆڤدۆستیەکانیان خرانە ژێرپێی تیرۆریستە مرۆڤ سەربڕەکانەوە!

لەو ساتەوە، لە دونیادا و بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی ناوڕاست و بەتایبەتی تر لە ناو گشت کوردستانەوە، ئەو ئایدیا هاتۆتە بوون: کامەیە ئەو یاسا پێشکەوتوانەی ئەورووپا و ئەو هزرە مرۆڤدۆستانەیەیان کە تەنیا لە پێناو دوو بۆشکە نەوتدا، دڕندەترین تیرۆریستە مرۆڤ سەربڕەکان لە دادگایی کردن، بپارێزن و، بۆ مرۆڤ سەربڕینی تر، ئازادیان بکەن!

تیرۆرکردنەکەی قاسملوو، بووە سیمبوولی بە ئازادیخواز ناساندنی دۆزی گەلی کورد، وەك گەورەترین و لەپێشترین قوربانی دەست دەوڵەتە تیرۆریستە فاشیستییەکان.

٧- قاسملوو و شاعیرانی کورد و هۆزانڤانانی بیانی

قاسملووی حەکیم جگە لەوەی هەگبەکەی ئینسکلۆپیدیایەکی هۆنراوەکانی (گۆران، هێمن، فایەق بێکەس،شێرکۆ بێکەس، حافزی شیرازی و سەعدی و دەیانی دیکە) بووە، خودی خۆشی لەو ساتانەی کاتی دەبوو، پڕمشتومڕکارترین ئەدیبی نێو شاعیرە ناودارەکان بوو.

شێرکۆ بێکەسی مەزن دەڵێت: "کاتێک ئێمەی شاعیران و ئەدیبان لە مەجلیسیدا دائەنیشتین، زۆرینەی مشتومڕەکانی شیعری بوو، لە هەموو شتێکی دەزانیی! لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زۆر سادە بوو. چەند جارێک هەم لە شاخ و هەم لە پاریس بە یەکتر شادبووین و دەعوەت بووم لە لای. قاسملوو خۆی چێشتی لێ دەنا و، هەر خۆشی نان و شتەکەی دەهێنا و، دواتر هەر خۆشی مێزەکەشی پاک دەکردەوە. گەورەیی کەسایەتیەکەشی بێ ئەندازە بوو. لە مەجلیسیشیدا، قسەخۆش و نوکتەزان و هەگبەکەی دەریایەکی شیعری بوو. لەگەڵ ئەدیبان و شاعیراندا باسی سیاسەتی نەدەکرد و ئەدیبێکی گەورەبوو کە سەرنجی هەموانی بە لای خۆی ڕادەکێشا".

ڕۆژنامەی (The Times) یش ئاماژەی بەوە داوە: ((قاسملوو وەك هەرە گرنگترین فیگەری سیاسیی کورد لەم نەوەیەدا، لەو ساتانەی کاتی دەبوو، ئەو کارامەترین ناوەندی نایابی هەڵێنجانی باوەڕ و تێفکرینەکان و پڕمشتومڕ بوو. لە سەردانە ساڵانەییەکانیشیدا بۆ پاریس، زۆرجار لە کافتریایەکی سەرشەقامێکی ناوەندی شارەکە دەبینرا و، ساتێکی کورت دەمایەوە. کەچی لەو ساتە کورتەدا لەلایەن شاعیرە ژنەکان و هۆزانڤانانی پیاوانی فەرەنسی و ئەورووپییەوە دەورە دەدرا و چواردەوریان دەگرت!.

٨- قاسملوو و ساختەکردنی مێژووەکەی و بردنی تێز و گوفتارەکانی!

سەبارەت، بە ساختەکردنی مێژووەکەی، لەم بابەتە چەند دێڕییە کاتی نیە، بەس ویستم: ئاماژەیەکی بۆ ئاڕاستە بکەم!!

هەرچی لەبارەی بردنی تێز و گوفتارەکانیەتی لەلایەن بەرپرسانی حیزبەکانی ترەوە و، کردنیانە بە وتە و تێفکرینی خۆیان، لە ڕاستیدا زوڵمە لە سامانی مەعنەوی و پاشخانی مەعریفی قاسملوو؛ بۆ یەکەمجار کریس کۆچێرا (لە کتێبدا) ئاماژەی پێ دەکات، کە قاسملوو وتوویەتی: (گەر خەباتی نەتەوایەتی ئەرکی سەرشانم نەبووایە، ئاواتم بوو مامۆستایەکی زانکۆ ببومایە)؛ ئەم وتەیەی قاسملوو براوە، لەکاتێکا هەندێ لەو سەرکردانە (لە ڕوی زانستییەوە) نەیانتوانیوە بگەنە ئاستی مامۆستای زانکۆ، ئیدی چۆن لۆژیکیە کە پەیڤی وایان هەبووبێ و، وەك دروشم بۆیان هەڵبواسرێت!؟

لەم ڕووەوە زۆر نمونە هەیە، قاسملوو لە بارەی شەهیدانەوە چەندان دێڕی هەیە، دێڕێکیان ئەمەیە: ((باشترین پاداشت (وەفاداری) بۆ شەهیدان، درێژەپێدانی ڕێگایانە))، بەهەمان شێوە ئەمەش و زۆر پەیڤی تری بۆ سەرکردەی تر، براوە. بەڵام لە ڕوی زانستی مێژووەوە، ئەمە هەم ساختەکارییە و، هەم زوڵم لێکردنیشە لە قاسملوو. هەرچەندە خودی ئەمەش دەرخەری کاریگەری ئەندێشە و تێز و پەیڤەکانی قاسملووە لەسەر سەرکردەکانی تری کورد، بەمەرجێك بەناوی ئەوانەوە نەکرێت، چونکە ئەوە ساختەکردنی زانستی مێژووە!

٩- قاسملوو لە دیدی ئەکادیمیست و بیرمەندە ناودارەکانی کوردەوە

تەنیا چەند نمونەیەکی کورت دەخەمەڕوو:

بیرمەندی کورد (مەسعود محمد) لەبارەی قاسملووەوە نووسیویەتی: ((قاسملوو ئۆقیانوسێکی بێ بنی زانیاری بوو، لە هیچ شتێکدا نەدەدرایە دواوەوە!)).

پرۆفیسۆر کەماڵ مەزهەریش ئاماژەی بەوە داوە: ((قاسملوو ئەو ڕابەرەی لە گشت بوارەکاندا لێهاتوو بوو، ڕابەری هەموو بوارەکان بوو)).

محەممەدی مەلا کەریمی مودەڕیسیش نووسیوویەتی: ((کاتێك قاسملوو هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە ڕەخنەی لە مارکسیزمی ستەمکاری باو دەگرت و تێزی بۆ سۆشیالیزمی دیموکراتیك دادەهێنا، زۆر بە توندی تووشی تیرۆری فکری بوویەوە لەلایەن کۆمۆنیستە توندڕەوەکانی کوردستان و ناوچەکەوە، بەجۆرێك کۆمۆنیستە نەخوێندەوارەکانی کوردستانیش زۆر سوکایەتیان بەم زانا گەورەیە دەکرد!)).

پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵیش دەڵێت: ((هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکانی چیکوسلۆڤاکیا سەردانی قاسملوویان دەکرد بۆ ئەوەی بە تێفکرینەکانی ئاشنا ببن، قاسملوو دوازدە زمانی دەزانی. خۆم شاهیدحاڵم کە زۆربەباشیی هەم زمانی چیکی و هەم زمانی سلۆڤاکیشی دەزانی)).

کەریم زەندیش تۆماری کردووە: (قاسملوو هێمای کوردستانە، لە مێژووی شکۆداردا!)).

بیرمەندی بیری نەتەوایەتیی کورد پرۆفیسۆر جەمال نەبەزیش نووسیویەتی: ((ئەم زانا هەڵکەوتووە تەنیا لەبەر ئەوەی کورد بوو، نە شێرێ کووشتی نە شێرەوانێ، هەتیمچەیەك کووشتی لە لا کوڵانێك!)).

بەهەرحاڵ، ڕامان لە پەیڤ و تێفکرین و کردەوەکانی قاسملووی حەکیم زۆر هەڵ دەگرێ کە کەمی لەبارەوە نووسراوە.

قاسملووی حەکیم وەك لوتکەی شۆڕشگێڕێکی تەواو: هەموو شتێکی خۆی بە گەلەکەی بەخشی و هیچ شتێکی گەلەکەشی بۆ خودی خۆی نەبرد! تەنیا ئەوە ئامانجی بوو، کە: گەلەکەی وەك گەورەترین سەرمایە لە پشتیوانیکردنی جووڵانەوەکەی، بەردەوام بن.

لوتکەی شۆڕشگێڕیی ئەوەیە: هەموو سەروەت و سامانێکی (ماددی و فکری و ئەکادیمیستی) بە گەلەکەی دەبەخشێ، بە بێ هیچ پاداشتێك! تا دواجار گیانیشی لە ڕێی ئازادی و یەکسانیی گەلەکەی، فیدا دەکات.

قاسملوو شۆڕشی خۆرهەڵاتی کوردستانی گەیاندە لوتکە، شۆڕش لە خۆرهەڵات، بوو بە بەهێزترین جووڵانەوەی شۆڕشگێڕیی لە ئێراندا و، ئێستاش لە ڕێی (جووڵانەوەی ڕاسانەوە)، بەردەوامیی هەیە!

وردبوونەوە لە کاریگەری تێفکرین و کردەوەکانی قاسملوو هێندە بێسنورە، کە دانیەل میتران لەم بارەیەوە ڕایگەیاندووە: ((بە پشت بەستن بە قاسملوو و ڕێنوێنیی وەرگرتن بەبیر و ئەندێشە و فکرەکانی، مرۆڤ دەتوانێت لێبڕاوانە بە توانای قورس و قایمەوە: هەنگاوی گەورە بنێت)).

وەسییەتەکەی قاسملوو کە دەڵێت: کتێبخانەکەشم موڵکی حیزبی دێموکراتە، کە پێشتریش حەقەمیراتی زەوی خۆی بۆ کڕینی ئامێرەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات فرۆشت و خۆی و ژنەکەی کاریان دەکرد لە پێناو بەهێزکردنەوەی حیزبی دێموکرات دا و، قاسملوو لە پێناو بەهێزکردنەوەی جووڵانەوەی نەتەوەکەی ڕەدی کردەوە کە لە ساڵی ١٩٦٩ ببێتە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە میسر کە لە ڕووی داراییەوە زۆر سودمەند دەبوو. لێرەدایە دەگەمە ئەو باوەڕەی: گەر تا مردن (وەك شەریف هەژاری) پشتیوانی دۆزی ئازادی و یەکسانیی نەتەوەکەم بم، هێشتا لە ناخمدا ئاسوودە نیم؛ بەو پێیەی گەر ساتێك هەدا بدەن، لە ناخەوە زۆر لە خۆم بێزار دەبم. چونکە کاتێك بیردەکەمەوە و بەوردی ئەزانم، کە: قاسملوو بەوپەڕی لوتکەی فکریی و بە سەرمایەی گەورەی ماددییەوە، هەموو شتێکی بە نەتەوەکەی بەخشی، کەچی منیش خەریکم هەدا بدەم! ئیتر هەست بە سپڵەیی خۆم دەکەم بەرانبەر بە پاکژییەکانی قاسملوو لە ڕێی ئازادی و یەکسانیی نەتەوەکەم. چونکە بە وردبوونەوە لێی، بەو حەقیقەتە دەگەیت، کە: تێکۆشان و پاکێتیی قاسملوو بۆ نەتەوەکەی، بێسنور بووە!



**د. قاسملوو: ئەگەر لە ئێرانی دوای ڕێژیمی خومەینی، ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە سەر ئەساسی پلۆڕالیسم پێک نەیەت، شەڕی نێوخۆیی ڕوودەدات، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو ئازادیخوازانی ئێرانە کە لە ئێستاوە بۆ ئێرانێکی دێموکراتیکی پلۆڕالیستی خەبات بکەن و بەستێن بۆ هاوکاری و پێکهێنانی بەرە لە وەها ئێرانێکدا ئامادە بکەن.**

خوێنەرانی بەڕێز، ئەمە دەقی تەواوی وتووێژی تەلەفزیۆنی "ئیرانیان"ە لەگەڵ ڕێبەری شەهیدمان د. قاسملوو کە لە ساڵی ١٩٨٧ی زایینی لە پاریس لە لایەن بەڕێز عەلی لیمۆنادی-یەوە ئەنجام دراوە و لە بەر گرینگییەکەی لێرەدا دەیخەینە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.

ئامادەکاران:
ئاسۆ کەنعانی – ئارمان حوسێنی – ئاویەر شێخی

**دەکرێت داواتان لێبکەم لەبارەی هێزەکانتان لە کوردستاندا بۆ بینەرانی تەلەفزیۆنی ئێرانیان بدوێن؟**

- ئێوە حەتمەن لەبیرتانە کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران کە هەموو کوردستان لەوانە شارەکانی کوردستان لەدەستی پێشمەرگەدا بوو، دوای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ خومەینی جیهادی دژ بە خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند و شەڕێک دروست بوو کە ئێمە ناومان ناوە شەڕی ٣ مانگە؛ لەبەر ئەوەی دوای ٣ مانگ ڕێژیم شکستی خوارد و پێشمەرگەکان سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ شارەکان. شەش مانگ لەگەڵ ڕێژیمی ئێران وتووێژمان کرد بەڵام زۆر زوو بەو ئاکامە گەیشتین کە ڕێژیمی ئاخوندی مەحاڵە بتوانێت ڕێگەچارەیەکی پەسەند و گونجاو بۆ هەردوولا بدۆزێتەوە، تێگەیشتین کە ڕێژیم تەنیا دەیهەوێت کات بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی لە یەکەم دەرفەتدا شەڕێکی نوێ لە کوردستاندا دەست پێبکاتەوە، پێشبینییەکانی ئێمە ڕاست دەرهاتن و لە نەورۆزی ساڵی ١٣٥٩ سەر لەنوێ شەڕ دەستی پێکرد و تا ئێستاش درێژەی هەیە. دوای ماوەیەک بە هۆکاری نیزامی و ئابووری کە ئەوکات شارەکانی کوردستان لە گەمارۆی ئابووریی ڕێژیمدا بوون، هەروەها ئەو کاتەی شەڕ لە نێوخۆی شارەکانی کوردستان دەستی پێدەکرد، ئەو پایەگایەنەی کە لە ناو شاردا بوون، خەڵکی بێتاوانیان دەکردە ئامانج و لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێتاوان کوژران و ئێمەش بە ناچاری شارەکانمان بە جێهێشت و پاشەکشەمان بۆ گوندەکان و شاخەکان کرد. لەو کاتەوە تا ئێستا شەڕ درێژەی هەیە؛ لەو شەش ساڵەدا ڕێژیم هێزێکی زۆری پێکهاتوو لە ئەرتەشی، بەسیجی، پاسدار و تەنانەت ژمارەیەک لەو کوردانەی کە پێشینەی هاوکارییان لەگەڵ ڕێژیمدا هەبووە لە کوردستان کۆکردووەتەوە، ئێستا لەو باوەڕەدام کە ڕێژیم لە کوردستان نزیک بە ٢٠٠ هەزار کەس لە ٢٣ پادگان و ٣ هەزار پایەگای نیزامی بچووک و گەورە (ئەمە ئامارێکە کە خودی ڕێژیم داویەتی)دا کۆ کردوونەتەوە و دوای چەند ساڵ شەڕ، لە ڕاستیدا دوو ساڵ پێش ئێمە بەو ئەنجامە گەیشتین کە بەو هێزەوە کە ئێمە هەمانە و ئەو ئیمکانەتەی کە ڕێژیم هەیەتی درێژەدان بە شەڕی جبهەیی بۆ ئێمە ئیمکانی نییە، بۆیە ئێمە تاکتیکی خۆمان لە شەڕی جبهەییەوە بۆ شەڕی پارتیزانی گۆڕیوە. لەو کاتەوە تا ئێستا بۆ ئێمە ڕوون بووەتەوە کە ڕێژیم زیاتر لە جاران خەساری بەردەکەوێت، بە تایبەتی بەهاری ئەمساڵ پێشمەرگەکانی ئێمە توانییان زەربەی زۆر قورس لە ڕێژیم بدەن.

لە ڕاستیدا ئێستا لە کوردستانی ئێراندا سێ جۆر ناوچە هەیە: ناوچەگەلێک کە زۆر گرینگ و ستراتیژین و شارەکان، کە لەژێر کۆنترۆڵی ڕێژیمدان؛ هەڵبەت پێشمەرگەکان هەر کات بیانەوێت ئەتوانن بڕۆنەوە ناو شارەکان، بەڵام بەو هۆکارە کە پێشتر باسم کرد، ئێمە ئەو کارەمان تەنیا لە حاڵەتی تایبەت ئەنجام دەدەین، هەروەها لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا پێشمەرگەکانمان چوونەتە نێو شاری کامیاران و چالاکی زۆر باشیان ئەنجام داوە. لەم ناوچەیەدا ڕێژیم هەوڵ دەدات بە کۆکردنەوەی هێز هەم شارەکان و هەم ڕێگا ستراتیژییەکان کۆنترۆڵ بکات، هەڵبەت بۆ درێژەدان بە شەڕ لەگەڵ عێراقیش پێویستی بەم ڕێگایانە هەیە. پاشان ناوچەی دووهەم هەیە کە ئێمە ناومان ناوە ناوچەی تێکەڵ کە لە سەعات ٨ی بەیانییەوە هەتا ٥ی ئێوارە ئەم ناوچانە بە تایبەت ڕێگا نیزامییەکان بەدەست هێزەکانی ڕێژیمەوەیە و لە دوای کاتژمێر ٥ی ئێوارەوە هێزەکانی ڕێژیم پاشەکشێ دەکەنەوە بۆ پایەگاکانی خۆیان و لە ڕاستیدا کۆنترۆڵی ئەم ناوچانە دەکەوێتە دەست پێشمەرگە. ناوچەیەکی دیکەش هەیە کە ڕێژیم تیایاندا هیچ دەسەڵاتێکی نییە و ئەم ناوچانە تەنیا لەلایەن پێشمەرگەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن کە گوند و ناوچە ستراتیژییەکان دەگرێتەوە.

**شایەت سنوورەکان و ناوچە سنوورییەکان؟**

- بەڵێ ناوچە سنوورییەکانە. لەم ناوچەدا ئێمە شارێکی بچووکمان هێشتا لەژێر دەسەڵاتدایە ئەویش شاری "نەوسوود"ە، ڕێژیم زۆر هەوڵیداوە کە ئەم شارە وەربگرێتەوە بەڵام تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە؛ لە بەهاری ئەمساڵەوە وا دێتە پێش چاو کە بارودۆخ لە بواری کەیفییەوە بە سوودی ئێمە گۆڕاوە و پێشمەرگەکانمان دەستیان بە چالاکیی هێرش بردن کردووە، ئامارێک کە من ئێستە لەلامە، نیشان دەدات کە لەم ماوەیەدا پێشمەرگەکان توانیویانە ٣٢ پایگای ڕێژیم بگرن. ئەوەی لە هەموو شتێك گرینگترە ئەوەیە کە دەست و پێوەندەکانی ڕێژیم ڕۆحیەی خۆیان لەدەست داوە، پێشینەی شەڕکردنیان ئەوە بوو کە تا کۆتاگوللە بجەنگن و بە قەولی خۆیان بۆ "شەهادەت" دەهاتنە کوردستان، بەڵام ئێستا زووتر تەسلیم دەبن، ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە ئێمەش کەمتر زیانمان وەبەردەکەوێت. دەمەوێت نموونەیەک بهێنمەوە کە پێشمەرگەکانمان دەستیان بە سەر پایگایەکی ١٥٠ نەفەریدا گرتووە بێ ئەوەی یەک کەسیشمان بریندار ببێت و شتێکی دیکەش کە گرینگە دەسکەوت و کەرەستەی زۆری شەڕ دەکەوێتە دەست پێشمەرگەکان، هەڵبەت ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ڕێژیمیش ئەسیر دەکرێن و ئێمە ڕەفتارمان لەگەڵ ئەسیرەکان زۆر باش و ئاساییە، دوای ئەوەش هەوڵ دەدەین سەربازە ئەسیرکراوەکان تێ بگەیەنین کە ئێمە بۆچی لە کوردستاندا خەبات دەکەین، پاشان ئازادیان دەکەین، بەسیجییەکان کە هەرزەکارانی تەمەن ١٣ تا ١٥و ١٦ ساڵەن، ئەوانیش بەهەمان شێوە ئازاد دەکەین، بەڵام پاسدار و ئەفسەرانی ئەرتەش زیندانی دەکەین و لە زینداندا دەیانهێڵینەوە و هەندێک جار ئاڵوگۆڕیان دەکەین یان ئەگەر جەنایەتێکیان کردبێت ماوەیەکی زیاتر لە زینداندا دەمێننەوە.

**دەکرێت لێتان بپرسم ژمارەی ئەسیرەکانتان چەند کەس دەبێت؟**

- پێشتر ئەسیرەکان ژمارەیان زۆر زۆر بوو کە ئێمە لە چەندین زیندان ڕامان گرتبوون، بەڵام بەهۆی ئابووری و گواستنەوەی زیندانەکان، گەیشتین بەو ئەنجامەی کە تەنیا پاسدار و ئەفسەرەکان ڕابگرین، ئێستا ئەسیرەکان چەند سەد کەسێک نابن.

**دەکرێت لێتان بپرسم کە هێزەکانی ئێوە لە ئەسڵدا بۆ بەرگری و هێرش کردن چ جۆرە چەکێک بەکاردێنن؟**

- چاولێکەن، ئێمە دوای شۆڕش، پادگانی مەهابادمان گرت و چەکی نیسبەتەن جۆراوجۆر لەم پادگانە بوو، ئێمە تا ئێستا لە هەموو ئەو چەکانە کەڵکمان وەرگرتووە، هەڵبەت لە بارودۆخی شەڕی پارتیزانی بە ناچاری ناتوانین چەکی قورس بەکاربهێنین، بەڵام لە چەکی نیوەنجی، وەکوو خومپارە و دژە تانک و دژە فڕۆکەکان کەڵک وەردەگرین. دەتوانم بڵێم کە کێشە یان کەمبودی چەکمان نییە و بە پێی پێویستیش چەک لە ئیختیاری پێشمەرگەکاندا هەیە کە بە کەڵکی شەڕی پارتیزانی دێت بەڵام هەندێ جاریش پێش هاتووە کە لوجستیکمان کەم هێناوە، بەڵام درێژەکێشانی شەڕی ئێران و عێراق و بارودۆخێک کە پێش هاتووە، دابینکردنی چەک و چۆڵی شەڕ لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان کارێکی ئاسانە و ڕەنگە سەرتان سوور بمێنێ کە هەندێک جار نرخی چەک و چۆڵ تەنانەت کەمتر لەو نرخەیە کە لە کارخانەکاندا دەفرۆشرێت.

**پێتان وایە هۆکارەکەی چییە؟**

- هۆکارەکەی هێرشە گەورەکانی ئەرتشی ئێرانە کە بڕێکی زۆری چەک و چۆڵ بۆ بەرەکانی پێشەوە دەنێرێت، دواتر عێراق هێرش دەکات و وای دابنێن کە ئێران پاشەکشێ دەکات و چەک و چۆڵی شەڕ جێ دەهێڵێت و ئەوانە دەکەونە دەستی خەڵک یان کەسانێک کە لەگەڵ ڕێژیم کار دەکەن و ئەو چەک و چۆڵانە دەفرۆشن، پێم وایە ئەم هێرشە ئەنقەستانەی کە بە ناوی "وەلفەجری٩" لە کوردستاندا کردیان، ڕێژیم چەک و چۆڵێکی زۆری لە مەیدانی شەڕ بە دوای پاشەکشێدا بەجێهێشت.

**بەڕێز قاسملوو ئێوە تا ماوەیەک پێش لەگەڵ موجاهدین هاوکاریتان دەکرد، دەکرێت هۆکاری کێشەکانتان لەگەڵ موجاهدینی خەلق بفەرموون؟**

- ئێمە هۆکاری هاوکاریمان لەگەڵ موجاهدین ئەوەبوو کە پێمان وابوو موجاهدین باوەڕیان بە دێموکراسی هەیە و لایەنگری خودموختارین. هەر وەک چۆن ئاگادارن دروشمی سەرەکی ئێمە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"ە. ئێمە چوارساڵ لە شورا و تەنانەت چەند مانگ دوای چوون بۆ شورا لەگەڵ موجاهدین هاوکاریمان کردووە، لەو کاتەوە واتە لە ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ کەوتینە بەر هێرشی ڕێژیم و هەموو ئیمکاناتەکانی خۆمان لە ئیختیاری موجاهدین دانا، بەڵام بەداخەوە چوارساڵ هاوکاری بۆ ئێمەی دەرخست کە سازمانی موجاهدین باوەڕیان بە دێموکراسی نییە و ئێمە لایەنگری ئەوە بووین کە شورا ناوێکی سەربەخۆ بۆخۆی پەیدا بکات، لە کاتێکدا هەوڵی موجاهدین ئەوە بوو کە شورا لە خزمەتی ڕێکخراوی موجاهدین بێت و هەڵسوکەوتی نادێموکراتیکی زۆرمان لە موجاهدین دەبینی و لەلایەکی دیکەوە دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ، گەڵاڵەی خودموختاریی واژۆ کرد. لە عەمەلدا بینیمان کە لەگەڵ خودموختاری ئازەربایجان و بەلوچستان دژایەتییان دەکرد و ڕایانگەیاند ئەگەر ڕۆژێک شورا ڕێبکەوێت کە بە ئازەربایجان و بەلووچستان خودموختاری بدات، سازمانی موجاهدین لە شورا دێتە دەرەوە، بەم شێوەیە ئێمە گەیشتینە ئەو ئاکامەی کە قەبوولکردنی خودموختاری کوردستانیشیان زیاتر بە هۆی لەبەرچاوگرتنی باڵانسی هێزەوە بووە نەک لەبەر باوەڕمەندبوونیان بە خودموختاری بێت! دوای ئەوەش مەسەلەی، دیالۆگ و گفتوگۆیان مەترەح کرد کە بۆ ئێمە مایەی پێکەنین بوو، بۆیە دەبێت بڵێم بەداخەوە ئێستا لە ئێراندا تەنیا هێزێک کە هەیە و لە ناو وڵاتدا خەبات دەکات، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و ئێمە سەلماندمان ئەو شتەی کە دەیڵێین و داوای دەکەین لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا هیچ کام لەو داواکارییە بنەڕەتییانەی ئێمە کە پەیوەندی بە دێموکراسی و مافی نەتەوەییەوە هەیە، لە ڕاستیدا نایەتەدی بۆیە ئێمەش وەک دوژمنی سەرسەختی ڕێژیمی خومەینی ماینەوە.

**بەڕێز قاسملوو ئێوە چەندین جار باستان کردبوو کە ئازادی و سەربەخۆییتان تەنیا بۆ کوردستان ناوێت، بەڵکوو بۆ تەواوی ئێرانتان دەوێ، چۆنە کە ئێوە لەگەڵ گرووپە سەرانسەرییەکاندا هاوکاریتان نییە؟**

- یەکەم ئێمە خوازیاری ئێرانێکین کە سەربەخۆ و مەسئول بێت، هیچ ویستێکمان تا ئێستا باس نەکردووە کە لە دەرەوەی چوارچێوەی وڵاتی ئێران بێت. ئێمە ئێرانێکی دێموکراتیکمان دەوێت کە لەو چوارچێوەیەدا خودموختاری بۆ کوردستانیش دەستەبەر بێت، هەروەها خوازیاری مافی نەتەوەیی بۆ نەتەوە زوڵملێکراوەکانی دیکەی ئێرانین و ئێمە پێمان باشە و دژیشی نین کە مافی نەتەوە زوڵملێکراوەکانی دیکە بە شێوەی فیدراڵی چارەسەر بکرێت، بەو واتایە کە ئێران ببێتە کۆمارێکی فیدراڵ وەکوو زۆرێک لەو وڵاتانەی کە لە دونیای ئەمڕۆدا بوونیان هەیە، یەکگرتوویی و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت بەڵام هەمووان لە نێو ئەم یەکگرتوویی و سەربەخۆییەدا بە مافی خۆیان بگەن، بەڵام لە ڕووی هاوکاری لە تەک هێز و ڕێکخراوە سەرانسەرییەکان بەر لەوەی وڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، دەمەوێت ئەمە زیاد بکەم کە ئێمە خۆمان لە هیچ هێز یان ڕێکخراوێک کەمتر بە ئێرانی نازانین، بە هیچ کەسێکیش ڕێگە نادەین خۆی لە ئێمە پێ ئێرانیتر بێت، لە ڕاستیدا هۆکارێکیش بۆ ئەمە نابینین. ئێمە ئامادەی هاوکارین لەگەڵ هەموو ڕێکخراوەکانی ئێرانی، هەموو هێزەکان و هەموو ئەوکەسایەتیانەین کە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات ئەکەن و هەوڵدەدەن بۆ هێنانەوە و زیندووکردنەوەی سەڵتەنەت لە ناوخۆی وڵات. دژایەتی ئێمە لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکاندا لەڕووی دەمارگرژییەوە نییە، دژایەتییەکی ئوسوولییە، ئەزموونی ئێمە نیشانیداوە کە ناکرێ ئێران لەگەڵ سوید یان ئینگلیزدا بەراورد بکەین، سەڵتەنەت لە ئێراندا بە هێندێک قسەی زۆر جوان و دێموکراتیک دەست پێ ئەکات، کاتێک کە محەممەدڕەزاشا گەیشتە دەسەڵات پێیان دەوت شای بەختەوەری دێموکرات، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت ئێستا بووەتە دیکتاتۆر لە بەر ئەوەیکە پێگەی کۆمەڵایەتی ناو خەڵکدا نییە، بۆیە بە شێوەی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری ئەبێت حکوومەت بەڕێوە ببات. دووهەمین هۆکار ئەوەیە کە، کاتێک بوو بە ڕێژیمێکی سەرەڕۆ و پێگەی جەماوەری خۆی بە تەواوەتی لە دەستدا، پەنا ئەباتە وڵاتانی دەرەوە، بە چاوخشاندنێک بە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا سەڵتەنەت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ وابەستە بوو بە ڕووسیەی تێزاری و دواتر بە ئیمپراتۆریەتی بریتانیا و لەم دواییانەدا بە ئەمریکا، لە کاتێکدا ئێمە وڵاتێکمان ئەوێت کە هەم دێموکراتیک و هەمیش سەربەخۆ بێت. پێموایە هەر ئێرانییەکی ئازادیخواز دەبێت لەبەرئەم دوو هۆکارە دژی سەڵتەنەت بێت. بەڵام ئیزنم بدەن بە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات و کوردەکان هۆکارێکیتر بەم دژایەتییانە زیاد بکەم، ئەویش سەڵتەنەت یان شاهەنشاهی بە مانای کۆکردنەوەی دەسەڵات لە تاراندایە، لە حاڵێکدا ئێمە خوازیاری خودموختارین و دژی ئاوەها کۆکردنەوەی دەسەڵاتین لە ناوەند. بەپێچەوانە ئێمە ئێرانێکمان ئەوێت کە فیدراڵی بێت و سیاسەتی نەمانی دەسەڵات لە ناوەند لە وڵاتدا بچەسپێت، واتە تەنیا لە تاراندا کۆنە کرێتەوە و خەڵکی پارێزگاکانی ئێران بتوانن دەسەڵاتی زۆرتریان هەبێ لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە یان پارلمان و شۆرایەک کە هەڵیدەبژێرن. پێموایە کە لە دونیای نوێدا و بەتایبەتی لە ئەورووپا، ئەمریکا و وڵاتانی پێشکەوتوو کە بەشێوەی گشتی بەرەو دابەشکردنی دەسەڵات ئەچن و دەسەڵات لە یەک شوێن کۆ نەبووەتەوە و ئەویش لە دەست یەک کەسدا، ئەمە هۆکاری دژایەتی ئێمەیە لە تەک سەڵتەنەتدا، هەروەها ئەو کەسانەی کە دژی ڕێژیمن و بە هەر شێوەیەک کە خەبات دەکەن تەنانەت بە شێوەی خەباتی مەنفی و بە چەشنی گاندی بۆ ئێمە جێگەی ڕێزن. ئێمە پێمان وانییە کە هەرکەسێک کە دژی ڕێژیم بێت، دەبێت چەک بە دەستەوە بگرێت یان ئەو ئیمکاناتەی هەیە کە دەست بۆ چەک ببات، دۆخەکە لە بەشە جیاجیاکان و پارێزگاکان و گوندەکان یان شاخەکان و ئەو شوێنانەی کە دەشتاییە جیاوازە، بۆیە لە هەر چەشنە خەباتێک، لە خەباتی چەکدارییەوە تا خەباتی فەرهەنگی لە دژی ڕێژیمی خومەینی پێشوازی ئەکەین. وەکوو خەباتێک کە ژنانی ئێرانی لە بەرانبەر ئەوەدا کە ڕێژیم ناوی ناوەتە "بێحیجابی" یان "بەدحیجابی" پێش ئەبەن، ئەم شێوە خەباتەیشمان پێ دروستە و جیا لە خەباتێک کە کرێکاران ئەتوانن لە کارخانەکان بیکەن، فەرهەنگییەکان ئەتوانن لە بەشەکانی فەرهەنگی و خوێندکارانیش لە زانکۆدا، هەمووی ئەمانە بە بۆچوونی من یارمەتی ئەکەن بەوەیکە ئێمە هەرچی زووتر بتوانین ڕێژیمی مەلاکان بەرەو ڕووخان ببەین. هەروەها پێمان وایە کە لە دوای ڕێژیمی خومەینی و لە دوای ئەوە کە خەڵکی ئێران دوو دانە دیکتاتۆرییان ئەزموون کرد، دەبێت بەم قەناعەتە گەیشتبێتن کە تەنیا ڕێژیمێکی دێموکراتیک کە لە سەر ئەساسی پلۆڕالیزمی سیاسی و ئەوەیکە هەر ڕێکخراو و گرووپێک بە ئازادانە و لە چوارچێوەی وڵاتێکی کۆماریدا بتوانن باوەڕەکانی خۆیان باس بکەن و بۆ پێشخستنی باوەڕەکانیان خەبات بکەن، لە ئاوەها چوارچێوەیەکدا ئێرانی ئێمە ئەتوانێ هەم سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و هەمیش پەیوەست بێت بە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، بێجگە لەمە بەداخەوە دەبێ بڵێم بە بێ ئەوەی بمەوێت لەخۆڕا پێشبینی بکەم، ئەگەر لە ئێرانی دوای خومەینی، ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە سەر ئەساسی پلۆڕالیزم پێک نەیەت، شەڕی ناوخۆیی ڕوودەدات و شەڕی نێوخۆییش لە وڵاتێک وەکوو ئێران کە لە ڕووی ستراتیژییەوە گرنگی هەیە بۆ تەواوی جیهان و لە باکوور زۆرتر لە دوو هەزار کیلۆمەتر سنووری هاوبەشی لە تەک شورەویدا هەیە، لە باشووردا کەنداو هەیە کە ناوچەیەکی ئابووری و ستراتیژیکی زۆر گرینگە لە ئاوەها وڵاتێکدا شەڕی ناوخۆیی تەنانەت ئەتوانێ سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی وڵات بەرەوڕووی مەترسی بکاتەوە، کەوابوو ئەرکی سەرشانی هەموو ئێرانییە ئازادیخوازەکانە کە لە ئێستاوە بۆ ئێرانێکی دێموکراتیکی پلۆڕالیستی خەبات بکەن و بەستێن بۆ هاوکاری و پێکهێنانی بەرەیەک لە ئاوەها ئێرانێکدا ئامادە بکەن.

**کەوابوو ئێوە خەونی دروست کردنی کۆماری کوردستان وەکوو ئەوەی دوژمنانتان باسی لێوە دەکەن، نییە؟**

- ئێمە دەمانەوێت تەواوی داخوازییەکانمان لە ناو ئێراندا و لە چوارچێوەی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی ئێراندا دەستەبەر بکەین، ئێمە هیچ چەشنە مەیلێکمان بۆ جیابوونەوە لە ئێراندا نییە و لە ئەساسدا من لە کوردستانی ئێراندا هیچ هێزێکی جیاییخواز نابینم، ئەمە تۆمەتێکە کە لە کاتی ڕێژیمی شاوە بە ئێمەیان داوە و کۆماری ئیسلامیش ئەم تۆمەتە ناڕەوایەی بە میرات بردووە. من جارێکیتر بە مەسئولییەتی تەواوەوە ڕادەگەیەنم کە خواستی خودموختاری ئێمە لە ناوخۆی وڵاتی ئێراندا دەکرێت دابین ببێ و بە هیچ جۆرێک ئێمە خوازیاری جیابوونەوە لە ئێراندا نین، هەروەها جارێکیتر دووپاتی دەکەمەوە ئەو کەسانەی کە ئەم تۆمەتانە لە ئێمە ئەدەن، باشتر وایە نەختێک بیر بکەنەوە کە چ دەلیلێکیان هەیە بۆ ئەوەی ئەوان خۆیان لە ئێمە پێ ئێرانیترە و خۆیان بە دڵسۆزی ئێران نیشان ئەدەن. پێموایە خەباتی چەند ساڵەمان دژی ڕێژیمی خومەینی کە بەداخەوە لە گۆڕەپانی خەباتدا تەنیا ئێمەین کە ئێستا ئەم خەباتە خوێناوییە درێژە ئەدەین و عەمەلەن نیشانمان دا کە ئێرانییەکی زۆر وڵاتپەرەستین و لەم ڕووەوە هیچ ڕەخنەیەک لە سەر ئێمە وارد نییە.

# تێڕوانینی دوکتور قاسملوو لەسەر ئەدەب و هونەر بەتایبەتی ڕوانگەی لەسەر مامۆستا هێمن موکریانی



شاهۆ ٢٢ . مەریوان

دوکتور قاسملووی شەهید، تەنیا ڕێبەرێکی سیاسی و نەتەویی گەلی کورد نەبوو، بەڵکوو ڕۆشنبیر، ڕووناکبیرو لایەنگری شێعر و ئەدەب بوو، چ جوان لە وتووێژێکدا لە وڵامی ڕۆژنامەوانێکی بیانی کە دەپرسێ ئێوە دوای ئازادبوونی کوردستان چ پلان و بەرنامەیێکتان بۆ ژیانی شەخسی و تاکەکەسی خۆتان هەیە ؟ دەفەرمێ : هەرکات کوردستان ڕزگار کرا من پێم خۆشە لە گوندەکەی خۆمان کارم نووسین و خوێندنەوە بێت و لە سیاسەت دوور بکەومەوە و سیاسەت جێ بێڵم بۆ جیلی تازەپێگەیشتووی کوردستان .

بە وتەی هەموو ڕۆشنبیر و ئاکادیمییەکانی ئێران و کوردستان و بیانی ئەگەر دوکتور قاسملوو ڕێگەی سیاسەتی نەگرتایاتەبەر بە دڵنیایەوە یەکێک بوو لە ئەدیبە گەورەکانی ئێران و کوردستان، ڕێبەری شەهیدمان کاتێک باسی ئەدەب و شێعر دەکات، شرۆڤە و تێبینییەکانی لە ئاستێکی یەکجار بەرزدان، تەنیا بە شێعر بەسەندە ناکات و ئەو شێعرانەی بەلاوە جوانە کە باسی سرووشت و تەبێعەتی کوردستان، باسی خۆڕاگری و خەبات و باسی ئازادی و دێموکراسی و هەروەها باسی ئازادی ژن لە نێو کۆمەڵگادا دەکەن .

یەکێک لەو شاعێرانە کە خۆشەویستی دوکتور قاسملووی شەهیدە مامۆستا هێمن مۆکریانیە، لە کتێبی تاریک وڕوونەکەی مامۆستا هێمن لە پێشەکییەکەیدا دوکتور قاسملوو باسی ئەو خاڵانە دەکات کە بوونەتە هۆی خۆشەویستی و ڕێزی تایبەتی مامۆستا هێمن بەلای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە، دەفەرمێ ( شێعری هێمن هەر لە سەرەتاوە لە چوارچێوەی ئەدیب و نووسەران دەرچووە و لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بلاو بۆتەوە)، دوکتور قاسملوو هێمنی بۆیە خۆش دەوێ کە باسی کێو و تەلان و بەندەن و بەردی کوردستان دەکات، باسی بەهاری لادێ، بەهاری کوردستان، شەنگەبێری و فریشتەی پەڕیوە دەکات و شارەزای جوانییەکانی کوردستانە.

هێمنی بۆیە خۆش دەوێ کە باسی زۆرلێکراوی نەتەوەکەی دەکات، لە مافی ڕەوای گەلەکەی بۆ گەیشتن بە ئازادی دیفاع دەکات، لە شوێنێکی دیکەدا دەفەرمێ ( هێمن نەتەوەکەی خۆش دەوێ و لەوەش زیاتر کە نەتەوەکەی دەپەرەستێ، ڕقی لە هیچ نەتەوەیەکی دیکەش نییە)

ئەوەی کە بەلای دوکتور قاسملووی ڕێبەرەوە زۆر گرینگە ئەوەیە کە نابێ شاعیرانی ئێمە دەمارگرژ بن و دژی نەتەوەکانی دیکە هەڵوێست بگرن و دژیان بوستنەوە، هەرچەند سیاسییەکانی ئەو نەتەوانە دژی گەلی کورد هەڵوێستیان نواندبێ یان بە چەک و فڕۆکە وڵامی ئێمەیان دابێتەوە، ئەمە نابێتە هۆی ئەوەیکە شاعیرێک لە شێعرەکانیدا دژایەتی نەتەوەی فارس یان نەتەوەیەکی دراوسێ قسە بکات و سووکایەتیان پێ بکات.

دوکتور قاسملوو لەو شاعیر و ڕووناکبیرانە کە لە دوورەوە تەماشای ڕووداوەکان دەکەن و خۆیان تێکەڵ بە ئازارو ڕەنجی نەتەوەکەیان ناکەن خۆی بەدوور دەگرێ و دەفەرمێ (هێمن ئەو ئەسڵەی قبووڵ کردووە کە ئەرکی شێعری شاعیری گەلێکی زۆرلێکراو تەنیا لێکدانەوە و خستنەناو هۆنراوەی تەبیعەت و جوانی نییە، شاعیر لە پێشدا ئینسانە، ئینسانێکە کە هەستی ناسکە و زوو دەجووڵێتەوە. چۆن شاعیر بەمانای ڕاستی ئەم وشەیە، دەتوانێ بەرامبەر بە هەژاری و کوێرەوەری و بێ بەشی گەلەکەی بێ لایەن بێ؟ )

یەکێک لە خاڵە گەورەکانی سەرکەوتنی هێمن لە شێعردا بەوە دەزانێ کە لە هەوراز و نشێوی ژیان و خەبات لە شێعرەکانیدا بە جوانی خۆی دەنوێنێ، دەڵێ ( لەو کاتەوە دەستی بە شێعرگوتن کردووە هەتا ئەمڕۆ، شێعری هێمن ئاوێنەی قۆناخەکانی خەباتی گەلی کوردە) .

دوکتور قاسملووی ڕێبەر هەمووکات پەرۆشی ژیان و گوزەرانی ژنی کوردە، ئەو ستەمە دووقاتەی کە لەنێو کۆمەڵگای کوردەواری دەرحەق بە ژنان بەدی دەکرێ ئازاری دەدا، پێیوایە ئافرەتی کورد هەم ستەمی نەتەوەیی لەسەرشانە و هەم ستەمی چینایەتی، هەروەها ئەو ڕوانگە چەقبەستووە دینی و مەزهەبییە کە لەسەر ژنان هەیە و ئەوان وەکوو چینێکی پلەدوو دەزانێ بە کێشەیەکی گەورەی ئافرەتان لە کۆمەڵگای کوردی و خۆرهەڵاتی ناوین دەزانێ، ئەو ڕووناکبیر و شاعیرانە کە دژی ڕوانگە دواکەوتووانەکانی کۆمەڵگا دەوەستنەوەی داوای ئازادی زۆرتر بۆ ژنان دەکەن بەلای دوکتور قاسملووی ڕێبەرەوە ڕێزێکی زۆرتریان پێ دەدرێت، لە شوێنێکی دیکەی پێشەکییەکەی تاریک وڕووندا دەفەرمێ ( ژن لە شێعری هێمندا ڕۆڵێکی زۆر گرینگی هەیە، جوانی ژن ئیلهامبەخشە) خاڵێکی گرنگ کە لە نووسینەکانی هێمن بەدی دەکرێ بەوە دەزانێ کە زمانی هێمن نموونەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوردییە و بێگومان لە پێکهێنانی زمانی پەسند کراو (ستاندارد)ی کوردیدا تەئسیری هەبووە .

بە خوێندنەوەی ئەم دێڕانە بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو خاڵانەی بوونەتە هۆی خۆشەویستی و حورمەتی مامۆستا هێمن بەلای ڕێبەری شەهیدمانەوە ڕێزێکی تایبەتە کە مامۆستا هێمن بۆ ئەو کەسانە دایدەنێ کە لەپێناو گەلەکەیاندا خەبات دەکەن، ئەو کەسانە کە پارێزەری مافی ئینسانەکانن بە هەموو چین و توێژێکەوە، دیفاع لە مافی ژنان دەکات کە بتوانن بە مافە ڕەواکانیان بگەن، خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمان هەیە، کەژ و کێو و بەندەن و ڕووباری کوردستانی خۆش دەوێ، ئیلهامدەری شێعرە، دیوانی هێمن ئەو ڕاستییە دەردەخا کە وێڕای تەبیعەت و ژیان و خەباتی گەل، ئەوە ژنە کە هێمن بۆ گوتن هان دەدات، یان لە بەشێکی دیکەدا دەڵێ ( هێمن دەیهەوێ ژن بەر لە هەموو شتێک خاوەنی ئینسانیی خۆی بێت و زۆر جار دژی زۆرداری و بێ حورمەتی نیسبەت بە ژن دەنگی خۆی هەڵدێنێ).

# ڕێبواری ماندوونەناس



ڕێبواری ماندوونەناسی ڕێگەی هەتاو چەند بەخشەندە گیانی دانا لە پێناوی گەیشتن بە لوتکەی مرادان، بە ڕووناکی، بە هەتاو، بە ڕزگاری. لە درێژایی مێژووی چەند سەد ساڵە، لەگەڵ ئەو هەمووە نسکۆ و کەوتن و دابڕانە، هێشتا نۆرە بە نۆرە بەرەو ئاسۆی ئامانجەکان قورس و قایم، سەربڵیند و سەربەرز ڕاوەستاوە و سینگی قەڵغان، هەنگاو دەنێ !

ئاسۆ دیار و نادیار، لە چوار دەورا چەق و لوور و زیتەی چاوی کسک بە هاوبیری گورگەمێشان مەودای ڕێگا دوور و دوورتر لەسەر ملەی ئاسۆ ها بگاتێ پای کێشراوە و پەلاپیتکە! لە داوێنێ لە گەردالی تۆزێ وەردراوە!

هەستاوەتەوە، خۆی تەکاندووە، سێرەی لە ئاسۆ گرتووە، دیسان تێهەڵبۆتەوە! دیسان، دیسان، دیسان، دیسان، دیسان ...

لە باکوور و لە باشور و لە ڕۆژهەڵات کاروانی ئەم ڕێبازە بێ¬کۆتایە کۆتایی نایە، دیسان، دیسان، دیسان، دیسان...

هەتا سەدەی بیستەم ئاڵوگۆڕێک لە بیر و هزری ڕێبواری ماندوونەناس دێتە ئارا، مۆدێڕن و سەردەمیانە و بەرۆژ کە تا ئەو کات ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە خۆیەوە نەبینیوە! بەڵام بە داخەوە دیسان!

دیسان پێغەمبەری ئاشتی دوو نیشانەی لە دەست دابوو. هەتاوێک بوو بەرە و هەتاو، تیرۆژی پڕشنگی نە لەبۆ ئەوەی بۆی دەسوتا، بۆ ئەوانەی لە گوێی گادا،بۆ ئەوانەی بە نەفامی تیریان داویشتە شابالی، بۆ ئەوانەی خەبەریان لە بوونی نەبوو دەهاویشت و دەدرەوشاوە. ببووە خەمخۆری خەمخۆریان، ببووە زاری دوان و دەمی هاواریان! لە پێشدا لەبۆ وان و لەدوایشدا خەمی خۆمان!

گەلێک تایبەتمەندی دیکەی هەبوو بە هەزاران، مامۆستا بوو مامۆستای دێموکراسی، لە سەر لوتکەی عەقلی سیاسی و ئابووریدا نەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە جیهانا خاوەنڕا بوو. ئەو لە جیهانەوە گەڕابۆوە بۆ نیشتمان، لە بە جیهانی بوونەوە بۆ نێو خۆمان! بە باڵی ناسیۆنالیزم نەک ئەوەکەی بەرچاو تەنگی، هەم بە هەڤرا گەلی ئێران!

بەڕاست خاوەنڕا بوو؛ ڕایەکانی بۆچوونەکانی نەک ئەوکاتی پاش چەند دەیە لە جیهان و لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و لە ئێران و لە کوردستان! شادەیان پێدەهێنا و سوور دەبوون و دەهاتنەدی و وەڕاست گەڕان! بۆ ئەوانەی مونکری بوون، قسەو باسیان بۆ هەڵدەبەست! سەریان وەبەردی ئەلحەد کەوت! ئەمڕۆ هەر ئەوانە پەڕۆیەکیان لێدادڕیوە و هەوێنی ڕێبازی خۆیان لە هزری ئەو وەرگرتووە! بە گزی فیزی بەماڵی دزیەوە لێدەدەن، خافڵ لەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوینا هیچ کەس لە ئەو تێپەڕ نەبووە! هێشتا تێپەڕ نەبووە! کە هات ئاسۆی نیگای زۆربەی جیهان مەیلەوسوور بوو! ئەو لە ڕەنگی ئاسمان شین، دەریای بێسنووری کوردان. ئێران ئاوسی شۆڕشێک بوو بۆ سبەیەکی گەش و ڕووناک! کە کۆرپەکەی لێ جیا بۆوە، چاوی بە دنیا هەڵێنا ویستیان نێوکی ببڕن، فرچکی بدەن، ناوی بنێن! گوێزەبانە ببەشنەوە! هاواری کرد دزیان ! دزیان ئەو کۆرپەیە ئەوە نییە کە گەلانی ئەم وڵاتە ژانیان بۆ چێشت، گیانیان بۆ دا. حەلاڵ زادەی ئەم هەرێمە بەشی هەمووی دانیشتووانە، نەکەن، نەکەن مێژۆکی دەن!! ئەو کاتی دەنگی نەبیسترا.

ئە ئەو زاتە هێند بەرز بوو زۆرێک لە دەوروبەر کە ڕای ئەویان بەدڵ نەبوو یان بۆیان قووت نەدەدرا، توانای تەتەڵە و توانای هزریان نەبوو، سایەی کەڵەگەتی ئەویان لەسەر سەری زۆر قورس بوو، هەر بۆوەی بڵێن ئەزیش منم، دەگژ چیا ڕۆدەهاتن! سەری سەختیان لەبەرد دەدا. هەڵدەبەزین و دەچەقین. بە چ لایان کە دەروەستی نەدەهاتن لاڕێ دەبوون.

ئەویش لەسەر ئەو ڕێبازەی بڕوای پێ¬بوو، ماندوونەناسانە تێهەڵدەبوو. بە ئیمان و ورەی بەرز، قورس و قایم دەرۆیشت هەتاو لە کەل بێنێتەدەر، بەرەو ئاسۆ بۆ سەر هەر بۆ سەر دەچوو. شەوپەرستانی مەندەمۆڕ، وەیشوومەی خێوی تاریکی کە چاوی دیتنی ئەو ڕێبوارە کەڵەگەت و هەڵکەوتەیان نەبوو. کە زانیان لوتکە دەبڕێ کە زانیان سینگی تارێکی دادەدڕێ دکتۆرەکەی سارێژان و مامۆستاکەی راوێژان و پەیامهێنی سێحری گەلاوێژی خەمنێژ، پیشەی خۆیان چەندپات کرد و بۆسەی زەردەخەنە و خەنجەر لە مشتیان بۆ داڕشت.

کاتێ زانیان
دڵت پاپۆڕی ئەوینە و
بۆ گەیشتن بە بەندەری خۆشەویستی
دەریای شەختە و سەهۆڵ ئەبڕێ
هاتن سینگتیان هەڵدڕی

# # #
کاتێ زانیان
دڵت پردێکە پان و پۆڕ
بەرە و ناخی مێژووی جیهان
دەستی کوێستانت گرتووە و
لە قووڵایی مەرگ و خوێنا
ئەیبەی بەرەو کۆشکی ژیان
پەردەی وەرزی زریان ئەدڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی
# # #

دیسان بەداخەوە دیسان!! ڕێبوارێکی بە ئەمەگی ڕێگای کوردایەتی، سوارچاکێکی مەیدانی خەبات و مەردایەتی، هەڵکەوتەی ڕێبازی دێموکرات، مرۆڤی زانا و بلیمەت و دێموکرات (تێکنۆکرات) هێژا دکتۆر لەم ڕۆژەدا پێکرا، گلا، هەڵدێرا، بە باڵی سپی خوێناوی ڕەگەڵ کاروانی نەمرانی گەل و دێموکرات کەوت. ڕاستە لەنێوماندا نەما بەڵام لە ڕێبازدا هەموو کات زیندووە. ڕێبوارانی ڕێبازی ئەو بەرەو لوتکە دیسان تێهەڵبوونە. دیسان، دیسان، دیسان، دیسان ...

بەڵێ دیسان لەگەڵ ئەو هەمووە نسکۆ و کەوتن و دابڕانە، ڕێبواری ماندوونەناس ئێستاش بە هەزاران ڕێگای هەتاویان گرتووە و شانیان داوەتە بەر ئەرکی پیرۆز، هەنگاو دەنێن لە ڕێبازی کاروانی گەیشتن بە هەتاو کە هەزاران سەریان لە پێناویدا داناوە. بۆ پێشەوە ڕۆڵەکانی قوتابخانەی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی لە سەر شانی شەهیدانی ئەم ڕێبازە گەیشتن بە هەتاو زۆر نیزیکە، زۆر نیزیکە.

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* • *No:729* • *13 July 2018*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia




لە باروودۆخی
ئێستاماندا، تەنیا
زەمانەتێک بۆ پاراستنی
خۆمان هەمانە،
چەکەکانمانە.

# DR.ABDUL RAHMAN GHASSEMLOU